المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:90-111
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# ڕێکخستنی یاسایی دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی لەچوارچێوەی کارو ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)دا (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

اسماعیل نجم الدین زەنگنە[1]، شەماڵ غریب ملا[2]

[1] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی جیهان- سلێمانی، سلێمانی، عێراق
[2] بەشی یاسا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، هەولێر، عێراق

Email: esmael.najmadin@sulicihan.edu.krd [1], shamal.gharib122@gmail.com [2]

**پوختە:**

چوارچێوەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەخوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ کارو ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی(WHO) لەبەرانبەر ئەو هەڕەشانەی دەکرێن بۆ سەر تەندروستی گشتی، ئەوەش بەتایبەت لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی تەندروستی جیهانی کە بەپێویستی داناوە ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر لە پێناو ڕێگری لەبڵاوبوونەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەڕێگەی پەنابردن بۆ ڕاگەیاندنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی لەژێر ڕۆشنایی ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان و جەخت کردن لەسروشتی یاسایی و ئەو پابەندیانەی هەیەتی بەرامبەر دەوڵەتانی ئەندام، عێراقیش وەک ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوە ئەو چێوە یاساییەی خزاندۆتە ناو دەقەکانی یاسای تەندروستی گشتی ساڵی ١٩٨١ ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە پابەندە بە پابەندییەکانی ڕێکخراوەکە لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێخستنە یاساییانەی یاسادانەر چەسپاندویەتی.

**کلیلەوشەکان:** ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی(WHO)، ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی، بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییەکان، پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، عێراق وەک دەوڵەتێکی ئەندام لە ڕێکخراوی (WHO).

**الملخص:**

إطار الدراسة عبارة عن قراءة تحليلية لعمل وتوصيات منظمة الصحة العالمية (WHO) في مواجهة الأخطار التي تهدد الصحة العامة، خاصة في ضوء إرشادات الصحة العالمية، التي تتطلب إجراءات لمنع انتشار المرض دوليا من خلال إعلان حالة طوارئ صحية في ضوء أدوات تنفيذ التوصيات والتأكيد على الطبيعة القانونية والالتزامات للدول الأعضاء، فقد تبنى العراق كعضو في المنظمة هذا الإطار القانوني في قانون الصحة العامة لعام 1981 وهذا يعكس حقيقة أن العراق ملتزم بما فرضتها المنظمة من التزامات وذلك في ضوء الترتيبات القانونية التي وضعها المشرع.

**الكلمات المفتاحية:** منظمة الصحة العالمية (WHO)، اللوائح الصحية الدولية، طوارئ الصحة العامة، انتشار الأوبئة و الأمراض، المعاهدات الدولية، العراق كدولة عضو في منضمة الصحة العالمية.

**Abstract:**

The framework of the study is an analytical reading of the work and recommendations of the World Health Organization (WHO) In the face of threats to public health, Especially in light of global health guidelines, which require measures to prevent the spread of disease internationally by declaring a health emergency In light of the means of implementing the recommendations and emphasizing the legal nature and obligations of member states, Iraq as a member of the organization has infiltrated this legal framework from the Public Health Law of 1981 reflecting the fact that the organization is committed to its obligations In light of the legal arrangements made by the Legislative Council.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**Key words:** World Health Organization (WHO), World Health Organization guidelines, Public Health Emergencies, Spread of Epidemics and Diseases, International Treaties, Iraq as a Member of the (WHO).

## پێشەکی

### یەکەم: کورتەیەک لەسەر بابەتی توێژینەوەکە

بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشییەکان هەڕەشەو مەترسیین بۆ سەر مرۆڤایەتی، لەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، جا بەهۆی مرۆڤ یان کارەساتی سرشتییەوەن. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش لەڕاگەیاندن و بەڕێوەبردنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە وەک دەزگایەکی نێودەوڵەتی، بەتایبەت ڕاگەیاندنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی لەخەمی نێودەوڵەتیدا، ئەویش پشت بەستە بەو دەستورو ڕێنماییانەی وەک چێوەیەکی یاسایی لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوەکە پەسەندکراوە بەمەبەستی بەرەنگاری بۆ کەمکردن یا کۆتایی هێنان بە مەترسی و لێکەوتەکانی بەهەماهەنگی لەسەر ئاستی نێوەدەوڵەتی و ناوخۆیی، سەرباری کۆتوبەندکردنی ژیانی تاکەکان و دروست بوونی چەندین دەرهاویشتەی جۆراوجۆر.

### دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

چەمکی دۆخی لەناکاوی تەندروستی لەلایەن ئەم ڕێکخراوە لە دوو توێی ڕێنمایی تەندروستی جیهانی ٢٠٠٥ گرنگە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆی وڵاتان، دەتوانین بیسەلمێنین کە دەروازەیەکی یاساییە بۆ ئەو وڵاتانەی کە دەستور و یاساکانی دۆخی لەناکاویان خاڵییە لەجێگیرکردنی ئەو چەمکە و پێویستییەکی هەنوکەییەو دەتوانن ئەزموون لەو چێوە یاساییە وەربگرن کە ڕێکخراوەکە بە خەمی خۆی دەزانێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی.

### سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە شیکاری پرۆسەی کاری ڕێکخراوەکەو ئەو پابەندییانەی دەستور و ڕێنماییەکانی ڕێکخراوەکە لەسەری سەقامگیربووە بەرامبەر ئەندامان، هەروەها ئامانجی توێژینەوەکە گەنگەشەیە بۆ ئەو بنەما یاساییانەی ئامرازی دەستی ڕێکخراوەکەن بۆ بەڕێوەبردنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی و دیاری سروشتی یاسایی بازنەی ئەو بنەماو پاشکۆیانەی ڕێکخراوەکە لەسەر هاوڕابووە لەبەرامبەر کۆتایی هێنان لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەندام.

### چوارەم: ئاریشەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەچوارچێوەی ئەم پرسیارانەدا دەبینێتەوە:

- ڕێکخراوەکە دەکرێت وەک دەروازەیەک لێی بڕوانین بۆ مامەڵە لەگەڵ دۆخی لەناکاوی تەندروستی؟
- ئایا ڕێکخراوەکە پاڵپشت بەڕێنمایی تەندروستی جیهانی دەسەڵاتی پابەندکاری هەیە بەرامبەر دەوڵەتانی ئەندام یاخود دەکرێت ڕێکخراوەکە دوچاری بەرپرسیارێتی بێت. سەرباری ئەمە لەڕووی کاتەوە ئایا ڕێکخراوەکە لەکاتی گونجاو لێکۆڵینەوە بۆ هەلومەرجەکە دەکات و بەبێ جیاوازی؟
- لەلایەکی دیکە سیستەمی بەڕێوەبردنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی لەلایەن ڕێکخراوەکە دەکرێ دوچاری کەموکوڕی ببێت و ڕووبەڕووی ڕەخنە ببێتەوە بەهۆی کاریگەربوونی وڵاتانی زلهێز بەسەریەوە؟

### شەشەم: ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی ئەم توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە ڕێبازی شیکردنەوەی وەسفی، وتێیدا خوێندنەوەیەکی ورد بۆ بازنەی بەرەنگاربونەوەی هەلومەرجی نائاسایی تەندروستی گشتی لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ئەو برگە و مادانەی لەدەستور و ڕێنمایی تەندروستی جیهانی ٢٠٠٥ وەک پلانی کارکردنی ڕێکخراوەکە لە وەڵامی پەرەسەندنی پەتا نێودەوڵەتییەکان کەهۆکاری نیگەرانی نێودەوڵەتیین.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:90-111

**حەوتەم: پلانی توێژینەوەکە**

لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی ورد بۆ بابەتی توێژینەوەکە، بەپێویستمان زانی دابەشی بکەین بۆ دوو تەوەر، تەوەری یەکەم تایبەت دەکەین بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی لەناکاوی تەندروستی، بەڵام لەتەوەری دووەمدا لێکۆڵینەوە دەکەین لە ڕێنمایی تەندروستی نێودەوڵەتی ٢٠٠٥ وەک بنەمایەکی یاسایی نێودەوڵەتی و ڕۆڵی لیژنەی فریاکەوتن لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندام و بارودۆخەکە و پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوەکە. لەکۆتایی توێژینەوەکە ئاماژە بەدیارترین دەرئەنجام و پێشنیارەکان دەکەین:

**تەوەری یەکەم: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی**

ئەگەر سەرنج بدەین بکەری سەرەکی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەمەڕ دۆخی لەناکاوی تەندروستی خۆی دەبینێتەوە لەڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ( WHO)، ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵی گرنگی هەیە لەپاراستنی تەندروستی گشتی و بنەمای سەرەکی لەیاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ وەردەگرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەلومەرجە تەندروستییانەی مەترسی هەیە بۆ سەر وڵاتان بەگشتی و بەدەروازەی ڕووبەڕووبونەوەی ئەو دۆخە نائاسابیە دادەنرێت کە دووچاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێتەوە. لەم ڕوانگەوە ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بۆ دوو لق، لە لقی یەکەمدا تیشک دەخەینە سەر ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و دۆخی لەناکاوی تەندروستی، و لە لقی دووەمدا باسی مامەڵەی ڕێکخراوەکە لەگەڵ دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی دەکەین:

**لقی یەکەم: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی**

ڕێکخراوی WHO وەک دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی نەخشەڕێژی دۆخەکەی کردووە لەژێر ڕۆشنایی ڕێنمایی تەندروستی جیهانی، بەلەبەرچاوگرتنی نەخۆشییە سنوور بڕەکان و کاریگەرییەکانی کەبەگرنگترین مەترسی دادەنرێت و پێویستی بە پشتیوانی نێودەوڵەتییە لە چوارچێوەی ئەم دامەزراوەو لەڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی ئەندام بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیەکە و زوو چارەسەرکردنی کۆمەڵگا زیان لێکەوتووەکان، لەڕێگەی پیادەکردنی دۆخی لەناکاو. لەم سۆنگەوە هەوڵدەدەین شرۆڤەی ئەو هەوڵە نێودەوڵەتییە بکەین وەک چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی دواتر ڕێکخراوی تەندروستی وەک دەروازەیەک بۆ ناسینی دۆخەکە و ڕۆڵی ڕێکخراوەکە لەچۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکە باس دەکەین:

**یەکەم/ هەوڵی نێودەوڵەتی بۆ دروستکردنی چوارچێوەی دامەزراوەیی وەک بناغەیەك بۆ دۆخی لەناکاو**

لەماوەی دوو دەیەی ئەم سەدەیەو نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو جیهان ژمارەیەک کارەساتی سروشتی و بارودۆخی نائاسایی تەندروستی بەخۆوە بینی، گرنگترینیان سەرهەڵدانی نەخۆشی و پەتا گواستراوەکان بوو کە کاریگەری مەترسیداری هەبوو لەسەر دانیشتوان، سەرەڕای لێکەوتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەوانش بڵاوبونەوەی نەخۆشی هەناسەدانی توندی سارس و ئەنفلۆنزای بەراز و نەخۆشی ئیبۆلا و ڤایرۆسی کۆلێرا. هەروەها جیهان گەواهی کۆمەڵێک کارەساتی سروشتی و مرۆیی و فریاکەوتن دەدات کەهەندێکیان مرۆڤ ڕۆڵی هەبوو لەسەرهەڵدانی، وەک دۆخی لەناکاوی تیشکدانەوەی (چێرنۆبیل و فوکوشیما) و دۆخی لەناکاوی کیمیایی (وەک دزەکردنی گازی ژەهراوی لە بۆپاڵ، ڕژانی نەوتی دیپ لە کەنداوی مەکسیکۆ...) سەرەڕای ژمارەیەک کارەساتی سروشتی، وەک تسۆنامی لە ئۆقیانوسی هیندی و بومەلەرزە و لافاو و گەردەلول لە هایتی و پاکستان و فلیپین. (منظمة الصحة العالمية، مكتب عمل الدولية، 2019: 9)

ئاشکرایە جیهان بەهۆی ئەو پەتاو نەخۆشییانە ڕووبەڕوی قەیرانگەلێکی تەندروستی لەناکاو بۆوە گرفتی بۆ سیستەمی تەندروستی گشتی دروست کردووە. (منظمة الصحة العالمية- مكتب عمل الدولي، 2019: 10) بۆیە پێویست بوو جیهان بەرهەڵستی نەخۆشییە گواستراوەکان بکات، ئەوانەی سەرەتا لەدەریای سپی ناوەڕاست سەریانهەڵدا و وڵاتانی دەوروبەری یەکەمین وڵاتان بوون هەوڵیاندا بۆ بەرەنگاربونەوەی، بەشێک پێیان وابوو هۆکاری گواستنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونی بازرگانی دەریایی، بۆیە هەندێک لەوڵاتان ئامادەکاری پێویستیان کرد بەمەبەستی ڕێگری لەگەڕانەوەی پەتای تاعون وەک لە ساڵی 1423دا، بۆ ئەو مەبەستە پیادەی کەرەنتینیان کرد. (رمزي، 2016: 48)

سەرەڕای هەوڵی تاکەکەسی بەڵام بێهودە بوو، ئەگەر بڕوانین ئەوروپا چەندین شەپۆلی کۆلێرای تێیدا سەرهەڵدابوو، بەوە هۆی قوربانی زۆر و کاریگەری لەسەر زۆربەی وڵاتان هەبوو، ئەمەش پێویستی بەبنیادنانی هەماهەنگی بوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی، دوای ئەوە دووەم شەپۆلی کۆلێرا لە ساڵانی 1816 و 1851 ئەوروپای گرتەوەو زیانێکی زۆری لێدان، ئەنفلۆنزای ئیسپانی 50 ملیۆن کەسی لە نێوان ساڵانی 1918 و 1919 کردە قوربانی، بەپێی دیارترین ئامار یەکسان بوو بەمردنی ژمارەی قوربانییانی جەنگی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

جیهانی دووەم، ئەمە وایکرد بۆچونێک لای ژمارەیەک سەرکردەی وڵاتان دروست بیت بۆ خێرا بەستنی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەئامانجی ڕوبەڕووبونەوەی لێکەوتەکانی، ئەو هەوڵەش بووە هۆی بەستنی یەکەم کۆنفرانسی تەندروستی نێودەوڵەتی لەساڵی 1851 لەپاریس، دواتر کۆنفرانسی دیکەی بەدواداهات بۆ هەمان مەبەست. (محمد، 2004: 906).

لەماوەی جەنگی جیهانی دووەم ئەو ئۆفیسەی بنیادنرابوو گۆرا بۆ پرۆسەی هاوکاری لەژێر چەتری ڕێکخراوی UN بەناوی ڕێکخراوی ڕزگاری و هاوکاری. لەمیانەی کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ بەپشتیوانی ڕێکخراوەکە لەساڵی 1946 زیاتر لە 30 وڵات بروایان وابوو پێویستە ڕێکخراوێکی تەندروستی دابمەزرێت و ڕەهەندێکی جیهانی هەبێت. بیرۆکەکەش خۆی دەبینیەوە لەکەمکردنەوەی مەترسییەکان لەڕێگەی بەرەنگاریکردنی نەخۆشی و پەتاکان بەشێوەیەکی کرداری. ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەکە لەیەکەم دانیشتنیدا لەساڵی 1946 بڕیاریدا لیژنەی ئامادەکار دابمەزرێ بۆ ئامادەکردنی بەڵگەنامەی پێویست بۆ بەستنی کۆنفرانسەکە لەنیویۆرک بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەچۆنییەتی هەموارکردنی دەزگاکە، (محمد،2004: 906) دواتر دەستورەکەی پەسەندکراو لە ٨٢ مادە پێک هات.

بەهۆی زۆری فاکتەرەکان چەندین هەوڵی دیکە دران بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەپێدانی چەکی مەترسیدارو زیادبوونی بەکار هێنانی ئامرازو تەکنەلۆژیا کەبەهەنگاو جێگەی کاری مرۆیی گرتەوە، سەرەرای زیادبوونی گەشت و بازرگانی نێودەوڵەتی، هەڕەشەو مەترسی دیکە بۆ سەر تەندروستی زیادی کرد جا بەهۆی پیسبوونی ژینگە و گرفتی گەرمبوونی زەوی یا بەهۆی کارەسات و هۆکاری سروشتی. (لوکال،2020: 382) لەژێر ڕۆشنایی ئەم هەوڵە چوارچێوەی یاسایی بۆ چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە نەخشە ڕێی بۆ دانرا، ئەویش بریتی بوو لەڕێنمایی تەندروستی جیهانی کە نەخۆشییەکانی هەناسەدانی وەک سارس و ئەنفلۆنزای باڵندە پاڵنەربوو بۆ دامەزراندنی. (Michèle, 2005: 373) ئەمەش هەوڵێک بوو لەپێناو بەرەنگاری نەخۆشییەکان. لەو کاتەوەی ئەندامەکان لەساڵی 2007دا دەسەڵاتیان پێ داوە چەندین جار دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی ڕاگەیاندووە. (صندوق نقد الدولي- إدارة شئون المالية العامة، ٢٠٢٠)

**دووەم/ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەروازەیەک بۆ ناسینی دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی**

ئەوەی جێگەی پرسیارە، چۆن ڕێکخراوی تەندروستی پێناسەی دۆخی لەناکاو دەکات؟ چەمکی دۆخی لەناکاوی تەندروستی لەلایەن ڕێکخراوەکە باس کراوە لەچوارچێوەی ڕێنمایی نێودەوڵەتی، بە (ڕوداوێکی نائاسایی لەڕێگەی بڵاوبوونەوەی نێودەوڵەتی نەخۆشییەکە کەمەترسی تەندروستی گشتی بۆ وڵاتانی دیکە دروست دەکات پێویستی بە وەڵامێکی نێودەوڵەتی هەیە بەهەماهەنگی) (International Health Regulations 2005: 9) چونکە بڵاوبوونەوەی مەترسییەکانی تەندروستی توندترین هەڕەشەن و پێویستی بەهەوڵی کۆنکرێتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەیە. (سمیر، 2020: 187)

ئەوەی تێبینی دەکرێت ڕێکخراوەکە زاراوەی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی بەکارهێناوە پاڵپشت بەمادده (١٢)ی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی ئاماژەبۆکراو (دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی جێگەی گرنگی پێدانی نێودەوڵەتی) ئەمەش کاتێک ڕوداوێکی نائاسایی لەبواری تەندروستی گشتی جێگەی خەم و گرنگی پێدانی نێودەوڵەتییە، ئەم دۆخە کاتێک کە سەرهەڵدەدات کاریگەری لەسەر زیاد لە وڵاتێک دەبێت و پێویستی بە هەماهەنگی نێودەوڵەتییە بەهۆی کاریگەرییە جدیەکەی لەسەر تەندروستی گشتی.
دەبێت دۆخەکە (نائاسایی و چاوەڕوان نەکراو) بێت، بڕیاری کۆتایش بۆ دۆخەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوەکە بەپێی ئەو زانیارییانەی بە دەستی گەیشتووە لە لایەن وڵاتانی توش بوو، دواتر هەڵدەستێت بە دیاری کردنی ئەو ڕوداوەی ئایا دۆخی لەناکاوی نێودەوڵەتی پێک دێنێت. بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنەی لەژێر ڕۆشنایی ڕێنماییەکان ئەنجام دراوە، بەڕێوەبەر پاڵپشت بەمادده (٤٩) بەدوای تێروانینی ئەو لیژنەیەدا دەگەڕێت، گەر پێیوابوو دۆخەکە نیگەرانی نێودەوڵەتی دروست دەکات، ڕاوێژ لەگەڵ وڵاتی ئەندام دەکات سەبارەت بەو ڕوداوەی لە خاکەکەیدا ڕویداوە تا بڕیار بدات لەسەر ڕاگەیاندنی.

بۆیە دۆخی لەناکاوی تەندروستی لای ڕێکخراوەکە دەتوانین وەک دەروازەیەک لێی بڕوانین بۆ ناساندنی بارودۆخی نائاسایی تەندروستی لەسەر ئاستی یاسای ناوخۆیی. (زەنگەنە،2020: ١٢٥) لەبەرئەنجامی خوێندنەوەی ورد بۆ ڕێنماییەکە و ئەو ناساندنەی بۆ دۆخەکە کردوویەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەم خاڵانە دەبنە ڕەگەزی سەرەکی بۆ دۆخی لەناکاوی تەندروستیی لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکە :

١. بوونی ڕوداوێکی تەندروستی لەناکاو یاخود ڕوداوێکی چاوەڕوان نەکراو یا دۆخێکی تەندروستی نائاسایی کە مەترسی دژوار بەدواخۆیدا دەهێنێت.
٢. ڕوداوی تەندروستیەکە ڕاستەقینە و هەنوکەییە و سنوری نێوان وڵاتان ناناسێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

٣. پێویستە هەوڵێکی نێودەوڵەتی بدرێت بەهەماهەنگی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دۆخی لەناکاوی تەندروستی.

بۆ دڵنیایی لەو دەروازە یاساییە، وڵاتان هاوڕابوون لەگەڵ ئەو گونجاندنە یاساییەی کەپەیوەندیدارە بەبنەمای یاسایی لەپێناو جاڕدانی دۆخی لەناکاو، زۆرێک لە حکومەتەکان ڕازیبوون بەو پابەندییە نێودەوڵەتییانە، بۆ نمونە حکومەتی مەغریب هەر زوو پابەندبوو بە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی ڕێنماییەکە بە پێی یاسای ژمارە 1.09.212 لە 26ی تشرینی یەکەمی 2019، بەلەبەرچاوگرتنی ڕێنماییەکان بەپێویست زانراوە جەخت لەدۆخی لەناکاوی تەندروستی بکرێتەوە بەهۆی سەرهەڵدانی نیگەرانی نێودەوڵەتی.

بەڕێوبەری گشتی چەندین پرسی پێشنیار کردووە بۆ وڵاتان بەشێوەی کاتی، لەوانە پێشنیاری ڕێوشوێنی تەندروستی بۆ وڵاتانی ئەندام بەمەبەستی ڕوبەڕوی هەلومەرجەکە. (السموني،2020) لەسەربنەمای ڕوداوەکانی چوارچێوەی ڕێنمایی تەندروستی ناتوانرێت دەسەڵاتە کارگێڕییە ئاساییەکان پیادە بکرێت. بۆیە ڕێنماییەکە هانی وڵاتانی داوە بەهۆی خێرا بڵاوبونەوەی، بۆ نمونە پەتای کۆرۆنا ڕێوشوێنی بەپەلەی پێویست بوو تا دۆخی لەناکاوی گشتی ڕابگەیەنن بەئامانجی پاراستنی تەندروستی گشتی، ئەمەش وەک توخمێکی سەرەکی سیستەمی گشتی هەندێک وڵات ئامادەکاری فراوانیان کرد بەمەبەستی ڕاگەیاندن و
گرتنەبەری دۆخی لەناکاو بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەری زیاتری نەخۆشی یان پەتاکە. (زەنگەنە، ٢٠٢٠ :١٢٢)

ڕێکخراوەکە دۆخی لەناکاوی ناساندووە بەیەکێک لەو کاریگەریانەی لەسەر ژیان و سەقامگیری وڵات بەپێی ڕێنماییەکان، دەستەواژەی فریاکەوتنی تەندروستی گشتی هۆکاری نیگەرانی و خەمی نێودەوڵەتی وەکو ڕوداوێکی نائاسایی دیاری دەکات کە لەم ڕێنماییە دەستنیشان کراوە وەک :

١. سەرهەڵدانی مەترسی شاراوە بۆ سەر تەندروستی گشتی لە وڵاتاندا بەهۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشییە نێودەوڵەتییەکان.
٢. دەکرێت ئەو مەترسیە پێویستی بەوەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی هەبێت بەهەماهەنگی کردن لەگەڵیاندا، چونکە لەدەرئەنجامی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گواستراوەکان یا ڕشتنی کیمیایی مەترسیدار، یان بڵاوبوونەوەی تیشکەکان دروست بێت .( منظمة الصحة العالمية، مكتب عمل الدولية، 2019: 9)

**سێیەم/ بنەمای دەستوری ڕێکخراوەکە لەبەرەنگاربوونەوەی دۆخی لەناکاوی تەندروستیدا**

دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە وەک دەگەڕێتەوە بۆ دوای ئەوەی لە 7ی نیسانیساڵی 1948، (ابراهيم، 2014: 121) سەرباری بەگوێرەی تایبەتمەندیەکانی و ماددەی (٥٧)ی میساقی UN، ئەرکی ئەم دەزگایە پیادەکردنی چاودێری تەندروستییە بۆ سەر هەموو تاکێک وەک مافێکی بنەڕەتی، بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی ڕەگەز، ئایین، ئاڕاستەی سیاسی یان باری ئابووری و کۆمەڵایەتی. (أبو هيف،2000: 246) هەروەك بەگوێرەی دەستوری ڕێکخراوەکە ئامانجەکەی بۆ هەموو تاکێکە تاوەکو بگاتە بەرزترین ئاستی تەندروستی وەک لەماددە (١)ی بەشی یەکەم هاتووە.

بەپێی ماددە (٩) ئەنجومەنی تەندروستی گشتی پێکهاتووە لەهەموو وڵاتانی ئەندام، و شەش نوسینگەی هەرێمی لەسەرتاسەری جیهاندا هەیە ئەوانیش (ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هەر دوو ئەمریکای باکورو باشور، ئەفریقا، ڕۆژئاوای زەریای هادی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوروپا). (Basic documents who, 2020)

سەبارەت بەکاری ڕێکخراوەکە، بەپێی ماددە (٢)ی دەستورەکە، وەک دەسەڵاتیکی ڕێنوێنی کار لەبڕگەی (ن)دا (هانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دەدات لەبواری تەندروستی گشتی)، لەهەمانکاتدا هەوڵدەدات بۆ دامەزراندنی هەماهەنگی کاریگەر لەسەر ئاستی UN و ڕێکخراوەکانی دیکە بۆ یارمەتیدانی وڵاتان لەسەر داوای خۆیان، هەروەها ڕۆڵی هەیە لەدامەزراندنی خزمەتگوزارییە کارگێری و تەکنیکیە پێویستەکان، لەوانە خزمەتگوزاری زانستی و پەتاناسی و ئامارزانی و پێشنیاری تەندروستی لەچوارچێوەی ڕێنماییەکان پەیوەست بە کاروباری تەندروستی نێودەوڵەتی. (لوكال، 2020: 385) هەروەها ڕۆڵی هەیە لە پشتگیری وڵاتانی ئەندام بۆ وەڵامدانەوە و چارەسەر لە دۆخی لەناکاو، ماددە (٢)ی دەستوری WHO جەختی لێ کردۆتەوە لەڕێگەی (دابینکردنی یارمەتی تەکنیکی پێویست لەدۆخی لەناکاو و دابینکردنی یارمەتی پێویست لەسەر داوای وڵاتان و پەسەندکردنی حکومەتەکان)(موقع المكتب الاقليمي لشرق الاوسط WHO،2014،http://www.emro.who.int/ar/eha/who-in-emergencies/index.html).

ئەم دەستورە بۆ گەیشتن بەئامانجەکان چەندین کاری بۆ ڕێکخراوەکە لە ماددە (٢/د) چەسپاندووە لەڕێگەی پێشکەشکردنی هاوکاری تەکنیکی پێویست لەسەر بناغەی داواکاری یان پەسەندکردنی وڵاتان، ئەم هاوکاریەش خۆی دەبینێتەوە لەهاندان و هەوڵدان

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بۆ بنبڕکردنی پەتا و نەخۆشییە گوازراوەکان و کە لێکەوتەی ترسناکیان هەیە، سەرەڕای هاوکاری تەکنیکی و پزیشکی چەندین ڕۆڵی دیکە لەپێناو بەرزکردنەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی پاڵپشت بەبڕگەی (ز) هاتووە. ( Basic Documents who, 2020) هەروەها ئەندامان ساڵانە ڕاپۆرت پێشکەش بەڕێکخراوەکە دەکەن بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ باشترکردنی ئاستی تەندروستی کۆمەڵگا پاڵپشت بە مادده (٦١).

ڕێکخراوەکە مەبەستییەتی هەموو تاکێک پیادەی مافەکانی بکات، وەک لەکۆنگرەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیی مسۆگەر کراوە، داوا لەوڵاتان دەکات هەنگاوی گونجاو بنێن بۆ بەهێزکردنی ڕێوشوێن و خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی. (لوکال، 2020: 386) سەرەڕای پەرۆشی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری و گێرانی ڕۆڵ لەئەنجامدانی ڕاهێنان و پێدانی زانیاری بۆ بەرەنگاری باوترین نەخۆشییە گواستراوەکان وەک مەلاریا و سیل و کۆلێرا ....هتد لەهەمان کاتدا جۆرێک لەهەماهەنگی پتەو هەیە لەگەڵ لقەکانی دیکەی UN و دەزگا تایبەتمەندەکان و سندوقی منداڵان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی نێودەوڵەتی. (أبو هيف، 2000: 572-573) .

زۆرێک دەستورو یاسای وڵاتان هیچ دەقێکی نەهێناوە پەیوەست بەدۆخی لەناکاوی تەندروستی لەکاتێکدا ئەم دۆخە بەپێوەری نێودەوڵەتی ئەژمار دەکرێت، ڕێکخراوەکەش بەبنچینە دادەنرێت بۆ ڕێگری لەبڵاوبونەوەی پەتاکان لەسەر ئاستی ناوخۆی و نێودەوڵەتی. (قوبع، ٢٠٢٠: ٨). گرتنەبەری ڕێوشوێنی نائاسایی لە مادده (٢٨/ط) بەشی شەشەمی ئەم دەستورە هێڵکاری کراوە بۆ (گرتنەبەری ڕێوشوێنی فریاکەوتن لەچوارچێوەی کارەکانی ڕێکخراوەکەو سەرچاوە داراییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕوداوانەی پێویستیان بەکاری خێرایە، ئەنجومەنەکە دەتوانێت ڕێگە بەبەڕێوەبەری گشتی بدات هەنگاوی پێویست بۆ بەرەنگاری پەتا بنێت، هەروەها ڕێکخراوەکە بەشداری دەکات لەچارەسەری تەندروستی بۆ قوربانی کارەساتەکان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە...) ئەم دۆخە سەرەڕای سروشتە تایبەتەکەی پێویستی بەپێشکەشکردنی بۆچون و پێشنیار هەیە بۆ ڕێکخراوەکە وەک لەمادده (٢٨/ د) نەخشەی بۆ کێشراوە.

سەربارى ئەم هەوڵانە ڕێکخراوەکە ڕێکەوتنی لەگەڵ کۆمسیۆنی یەکێتی ئەفەریقا کرد لە ساڵی ٢٠١٢ خۆی دەبینیەوە لە (بەهێزکردنی سیستمی تەندروستی و سەرچاوە مرۆییەکان) وەک لەمادده (١ برگە ١)ی ڕێککەوتنەکە هاتووە، بەرزکردنەوەی دەرفەتی سود وەرگرتن لەچارەسەرو چاودێری نەخۆشی و پەتاکان لەکۆمەڵگا هەژارەکان.. و پەرەپێدانی سیاسەتی بەهێزکردنی سیستەمی گەشەپێدانی تەندروستی و ئامادەباشی بۆ وەڵامدانەوەی کارەساتی تەندروستی و هەڕەشەکان.... ڕەنگ ڕێژکراوە بۆ بەرەنگاری دۆخە نائاساییەکان، هەروەها تیشکی خستۆتە سەر ئامادەکاری تایبەت بەدۆخەکەو ڕێنمایی چارەسەری نەخۆشییەکانی وەک مەلاریا و ئایدز و سیل و نەخۆشییە نوێکانی دیکە.... لەمادده (٥/٤) ی ڕەنگ ڕێژی دۆخەکەی کردووە لەڕێگەی (بەهێزکردنی چاودێری نەخۆشییە سەرتاسەرییەکان و تۆڕەکانی چاودێری تەندروستی بەمەبەستی ئامادەبوون بۆ دۆخی لەناکاو تا ڕووبەڕوی پەتاکان بێتەوە، بۆیە ئەمەش هەنگاوێک بوو بۆ سارێژکردنی دەرهاویشتەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی). (Agreements with intergovernmental organizations, 2012).

سەربارى ئەو ئامانج و هەوڵانەی ڕێکخراوەکە، بەڵام ناکرێت زیادەڕۆیی لەسەر ڕۆڵی ڕێکخراوەکە بکرێت کەتەنها تایبەتە بەناچارکردنی وڵاتان بەپەیڕەوکردنی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ دۆخەکە بەتایبەت کە دێتە سەر ئامارەکان و هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان بۆ پیادەکردنی دۆخی لەناکاو، ئەوەش هۆکارەکەی بەلای هەندێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ڕێکخراوەکە چونکە دەسەڵاتێکی باڵایان نیە بەسەر دەسەڵاتی وڵاتاندا. (عبد المالك و مناع، ٢٠٢٠: ١٣٤) بۆیە بەڕونی دەبینرا لەکاتی ڕاگەیاندنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی لەلایەن ڕێکخراوەکەوە لەدۆخی کۆرۆنا زۆرێک لەوڵاتان دۆخەکەیان ڕانەگەیاند هەرچەندە بەشێوەی بەرفراوانیش ڤایرۆسەکە تەشەنەی کردبوو و ڕێکاری جۆراوجۆری نائاساییان وەرگرت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی.

**چوارەم/ کەسیەتی یاسایی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی**

سەبارەت بەکەسیەتی یاسایی ڕێکخراوی WHO مشتومڕی لەسەر بوو، بەشێک لەهزرمەندانی یاسای نێودەوڵەتی بنەمای پێدانی توانای کەسییەتی یاسایی بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕەتدەکاتەوە، لەسەر بنەمای بیرۆکەی کەسیەتی یاسایی نێودەوڵەتی تەنها دەدرێت بە دەوڵەتان، ئەوەی ئەم ڕەوتە بەهێز دەکات پەیوەستە بەمەرجەکانی مادده ٣٤ی پەیڕەوی بنەڕەتی دادگای دادی نێودەوڵەت جەخی لێکردووە کە دەڵێت (تەنها دەوڵەتان مافی ئەوەیان هەیە لایەنگری ئەو کەیسانە بن کە دەدرێنە دادگا) بەڵام ئاراستەیەکی بەهێز پشگیری لەبوونی ئەم کەسیەتیە دەکات و بەتوندی بەرگرییان لەم بیرۆکە کرد، لەسەر بنەمای پاساوی واقیعی. (أوبالاك، 2020).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان خاوەن دەسەڵاتی پێشەنگن بەهۆی ڕۆڵ و چالاکیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک کەسییەتیەکی یاسایی، (یادگار، ٢٠١١: ١٨٣) هەندێک دەڵێن هەرچەندە ڕێکخراوەکان کەسیەتی یاساییان هەیە، بەڵام لەپلەیەکی نزمتر لەوڵاتان دەیهێڵنەوە. دادگای دادی نێودەوڵەتی لە بۆچوونێکی ڕاوێژکاریدا لە ١١ی نیسانی ١٩٤٩، بەڕوونی جەختی کردووە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان خاوەن کەسیەتی یاسایین، بۆیە تیۆری کەسیەتی یاسایی نێودەوڵەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی جێگەی خۆی لەم دادگایە لەساڵی ١٩٤٩دا دۆزیەوە. ئەمەش پەیوەست بوو بەقەرەبووی ئەو زیانانەی لەخزمەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دوچاری بوون، تێیدا دان بە کەسیەتی یاسایی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەنێت و جەختی کردەوە دەوڵەتان تەنها کەسی یاسای نێودەوڵەتی گشتی نین، چونکە ئەو دەزگا نێودەوڵەتیانە لەئەنجامی دۆخێکی نێودەوڵەتی سەریان هەڵداوە، بەکەسی یاسایی جیاواز هەژمار دەکرێن.(الصفتي و محمد، 2020).

بۆ ئەوەی ڕێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی بەهرەمەند بێت لەتوخمەکانی کەسیەتی یاسایی نێودەوڵەتی، بەمەرج دانراوە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لەئەستۆ بگرێت لەبەرامبەر ئەو کارە نایاساییانەی لەئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی لەڕێککەوتنەکان و دەستوورەکان و ئامرازەکانی دامەزراندنی هاتوون. هەندێک لەیاساناسان بەمەرجیان داناوە کەسیەتی یاسایی پێویستە ماف و پابەندیان لەبەرامبەر کەسانی دیکە هەبێت لەچوارچێوەی سیستەمێکی یاسایی دیاریکراو، واتە مەرج و شایستەی پێویستیان لەکاتی دروستبونیەوە هەیە و خاوەنی ئیرادەیەکی ئازادی سەربەخۆن، چونکە هەموو پەیوەندییە یاساییەکان لەسەر ویستی ئازاد بنیادنراون، هەروەها دەبێ بەشداری بکەن لەپەیوەندیەکی یاسایی دیاریکراو واتە ئەو پەیوەندییە یاساییە سیستەمێکی دیاریکراو ڕێکخیان دەخات. (یادگار،٢٠١١: ١٧٥).

لەم چوارچێوە هەر لەگەڵ دامەزراندنی وەک کەسیەتی یاسایی لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێوەرانە دەردەکەوێت، بەگوێرەی ئەو ئامانج و ئەرک و مافانەی هەیەتی بەرامبەر دەوڵەتانی ئەندام سەرباری بەرپرسیارێتی بەرامبەر وڵاتانی ئەندام، چونکە ئەم ڕێکخراوە کاراکتەری نێودەوڵەتی کرداری و سەربەخۆیە بە ڕێککەوتنێک دامەزراوە، ئیرادەی خۆی لە ئیرادەی دەوڵەتە پێکهێنەرەکان وەردەگرێت، لەهەمان کاتدا سەقامگیری کاری ڕێکخراوەکە بەندە بەهەمیشەیی و بەردەوامییەکەی، (اوبالاک،٢٠٢٠) لەڕووی هێزی پابەندی ئەو بڕیارانەی لەلایەن ئەوانەوە دەردەچن هێزی پابەندیان تێدایە و ئامانجەکەشی جیهانییە، تێیدا ئامانجی تەندروستی وڵاتانی جیهان لەخۆدەگرێت بەبێ گوێدانە ڕەگەز و نەتەوە و کولتوور و زمان و ئاراستەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای ئابووری، ئەمە سەرباری ئەوەی مافی ئەنجامدانی پەیماننامەو بەشداری لەدروستکردن و پێکهێنانی پەیڕەوی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە هەیە بەهاوکاری لەگەڵ کەسانی یاسایی دیکە، لەهەمانکاتدا مافی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی هەیە، واتە ناردن و وەرگرتنی شاند و مافی تۆمارکردنی داوای نێودەوڵەتی لەبەردەم دادگا نێودەوڵەتییەکان و دەستەبەری ئیمتیازات و پارێزبەندی نێودەوڵەتی هەیە، (الصفتي و محمد، 2020) لەژێر ڕۆشنایی دەستەبەری شایستەیی ئەو مەرجە پێویستانەی هەیە بۆ کەسیەتی یاسایی، ڕێکخراوی WHO وەک کەسیەتی یاسایی نێوەدەوڵەتی دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێ.

**لقی دووەم: مامەڵەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەگەڵ دۆخی لەناکاوی تەندروستی**

لەماوەی ئەو قەیرانگەلەی لەجەنگی سارددا لەنێوان وڵاتانی ئەندام و وڵاتانی دیکە ڕویدا کەسروشتێکی دارایی و کارگێری هەبوو، بووە هۆی پێداچونەوە بەبەڕێوەبردن لەلایەن ڕێکخراوەکە لەساڵی ١٩٩٣ بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵی سەرکردایەتی نێودەوڵەتی لەبەرزکردنەوەی تەندروستی گشتی. چەندین ڕوداو بۆتە پێشەنگ بۆ دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی، بەهۆی زیادبوونی ئەو پەتایانەی ئەمڕۆ مەترسیدارترین بەدرێژایی مێژوو، ئەویش ئەو کۆرۆنا ڤایرۆسەبوو سەری هەڵداو ڕێڕەوی ژیانی وەستاند، وڵاتانی جیهان نامۆ بوون بە بەرەنگاری ئەو دوژمنەی کەگەورەترین پایەتەختەکانی کردە تارمایی، ئەمەش وای کرد ڕێکخراوەکە چەمکی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی جێگیر بکات و برەو بە میکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵی بدات و لێیان بکۆڵێتەوە. (لوكال، 2020: 386) لەم چوارچێوە پێویستە بزانین دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی لای ڕێکخراوەکە چیە و مەبەست لە هۆکار و دەرهاویشتەکانی ڕاگەیاندن و ڕاسپاردەکانی چین؟:

**یەکەم/ دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی لای ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی**

کاریگەری بڵاوبونەوەی نەخۆشی و پەتاکان بەتایبەت پەتای (covid-19) چەندین پرسیاری لای شارەزایانی یاسایی و تەنانەت لای خەڵکیش دەرباری کاری ڕێکخراوەکە دروست کرد. لەم چوارچێوەدا جەخت دەکەین لە گرنگترین تایبەتمەندی و پاڵنەرەکانی دروست بوونی دۆخی لەناکاوی تەندروستی نێودەوڵەتی سەرەڕای ئەو دەست پێشخەریانەی ڕێکخراوەکە کردویەتی بۆ ڕاگەیاندنی دۆخەکە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**١. تایبەتمەندی بنەڕەتی دۆخی لەناکاوی تەندروستی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:** بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی تەندروستی جیهانی ژمارە 58-3 کە لە ئایاری ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە (فریاکەوتنی تەندروستی گشتی لە خەمی نێودەوڵەتی) نەخشەڕێژکراوە لەماددە (١٢)ی ڕێنماییە نێودەوڵەتییەکان، تیایدا وەک ڕوداوی نائاسایی باسی کردووە، دەستەواژەی (ڕووداو) بەپێی ڕێنماییەکە مەبەست لەدەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشییە و دەستەواژەی ئەو مەترسییانەی ئەگەری ڕوودانی هەیە کە لەماددە (١) ڕێنماییەکان هاتووە ئاماژە بەڕوداوێک دەکات لەوانەیە زیان بەدانیشتوان بگەیەنێ یا لەئاستی نێودەوڵەتی بڵاوبێتەوە و مەترسی ڕاستەوخۆی هەبێت بۆسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

ئەو بارودۆخانەی هۆکارن بۆ خەم و نیگەرانی نێودەوڵەتی وادەکات داوا لە وڵاتان بکرێ ڕاپۆرت بدەن بەڕێکخراوەکە بەبێ گوێدانە بنچینەی نەخۆشییەکە. بەپێی ناساندنەکە پێویستە دۆخێکی مەترسیدار و کتوپڕ و نائاسایی یان چاوەڕوان نەکراو ڕوبدات و لێکەوتەی هەبێت و سنوری وڵاتان ببڕێت و پێویستی بە ڕێوشوێنێکی ڕاستەوخۆی نێودەوڵەتی هەبێت، لەبەرئەوەی ئەو مەترسییە تەندروستییەی کە ئەگەری ڕودانی هەیە بەتوندی بۆ سەر تەندروستی گشتی. ( International Health Regulations 2005: 9) ئەم ڕێکخراوە لەڕێگەی ڕاگەیاندنی دۆخەکە پێشنیار بۆ سەرجەم وڵاتان دەکات ئامانجیان ڕێگرتنە لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لەسنوری وڵاتەکەیان، هاوکات لەگەڵ خۆلادان لەدەست تێوەردانی ناپێویست لەبازرگانی و گەشتی نێودەوڵەتی. ئەو دۆخە لەناکاوانەی کەلەلایەن ڕێکخراوەکەوە دەست تێوەردانی تیا دەکرێت قەتیس نەکراوە تەنها بە کارەساتی تەندروستی نێودەوڵەتی دیاریکراو بەڵکو بۆ کارەساتەکانی تریشە کە لێکەوتەیان لەسەر تەندروستی گشتی هەیە. (لوکال، 2020: 386).

**٢. پاڵنەرەکانی دروست بونی دۆخی لەناکاوی تەندروستی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:** گرنگترین پاڵنەرەکانی دۆخی لەناکاوی تەندروستی دەتوانین بۆ دوو جۆری بنەڕەتی جیا بکەینەوە:

**ا. بەهۆی مرۆڤەکان:** ئەم دۆخە هەندێ جار لەئەنجامی ململانێی چەکداری نێودەوڵەتی و نادەوڵەتی دروست دەبێت، ڕێکخراوی تەندروستی ڕەچاوی بەرەنگاری دۆخی تەندروستی دەکات کە بەهۆی ململانێی وڵاتان دروست دەبێت، وەک سەرهەڵدانی کۆلێرا لە یەمەن لە ساڵی 2016 تا 2017 بەهۆی ململانێی چەکداری. پیسبوونی ژینگە یەکێکی دیکەیە لەهۆکارەکانی نەخۆشی و پەتا کە مرۆڤ دەستی تێیدا هەیە، لە ڕێگەی ماددە کیمیاییەکانەوە دەبێتە هۆی گۆڕانی ژینگەو چەندین کاریگەری دیکە کە دەبێتە هۆی گەرمبوونی زەوی و لێکەوتە لەسەر تەندروستی گشتی ئێستا و داهاتووی نەوەکان، بۆیە پاراستنی ژینگە بەکارێکی گرنگی ڕێکخراوەکە دادەنرێت، هەروەها پیسبوونی هەوا و دەریاکان بە جدیترین کێشەی تەندروستی ئەژمار دەکرێت ئەمەش بەهۆی چەندین هۆکار دروست دەبێت. جگە لە فراوانبوونی پیشەسازی و کارەساتی ناوکی وەک کارەساتی فۆکوشیما لەساڵی 2011 کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ دەرئەنجامی مەترسیداری بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک دروست کرد سەرەڕای چەندین فاکتەری دیکە. (who، 2013،

https://www.who.int/ar/news/item/1434-04-18-global-report-on-fukushima-nuclear-accident-details-health-risks)

**ب. بەهۆی سروشت:** کارەساتە سروشتییەکان ڕوداوێکی کتوپڕو چاوەڕوان نەکراوە، هەڕەشە لە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی دەکات و هاوسەنگی و سەقامگیری ئابووری وڵاتەکان لەسەر ئاستی ڕۆژانە تێکدەدات. (غربي، 2020: 45) وەک ئەو بومەلەرزەی لە ساڵی ٢٠٠٥ لەنیباڵ ڕویدا و لافاو گەردەلولی هایان لەفلیپین لە ساڵی ٢٠١٣ ئەو ئاگرە گەورانەی کە دەکەونەوە و گرکان و بڵاوبوونەوەی کولە و وشکەساڵی و دیاردە سروشتییەکانی دیکە کە لە ئەنجامی گەرمبوونی زەوی زیاتر بوون، وای لەکۆمەڵگا کرد ڕووبەڕوی دۆخێکی هەڕەشە ئامێزی تەندروستی ببنەوەو ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی داوای ڕاگەیاندنی فریاکەوتنی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی بکرێن. (لوکال،2020: 387)

سەرباری هۆکارە سروشتییەکان بەشێکی گرنگ دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پاک وخاوێنی و پیسبوونی ژینگە یان نەریت و خووی ناتەندروست پەیوەست بەخواردن لەلایەن زۆرێک لەکۆمەڵگاکان، بە ئاماژەدان بە مێژووی دۆخی لەناکاوی تەندروستی نێودەوڵەتی، پەتای ئیبۆلا کوشندەترین دۆخی لەناکاوبوو تا ئێستا جیهان تووشی بووە لەساڵانی ١٩٧٦ بۆ ٢٠٢٠، ٢٦ جار دووبارە بۆتەوە. وڵاتی غینیا یەکەم جار لە مانگی ئازاری 2014دا ڕێکخراوەکەی ئاگادارکردەوە، ئەمەش وای لەڕێکخراوەکە کرد دەستبەجێ لیژنەی فریاکەوتن بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەنەخۆشیەکە ڕابسپێرێت. (Grange, 2014: 691 ) هەروەها لە 18ی ئەیلولی 2014، ئەنجومەنی ئاسایشی UN بڕیاریدا پەتای ئیبۆلا مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی هەیە و بەکۆی دەنگ بڕیاری 2177ی ساڵی 2014 پەسەندکرد، ئەمە سێیەمین جارە ئەم ئەنجومەنە ئەم جۆرە کارانە لەسەر قەیرانی تەندروستی گشتی ئەنجام بدات. (Security Council, Resolution 2177, 2014).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکۆی دەنگ لە 19ی ئەیلولی ساڵی 2014 هەستا بەدەرکردنی بڕیاری ژمارە 1/96 تایبەت ڕێکاری کۆنترۆڵی ئیبۆلا لەڕۆژئاوای ئەفریقا. لەکۆتایدا ڕێکخراوەکە کۆتایی هاتنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئیبۆلا لەسەنیگال لە 17ی تشرینی یەکەمی 2014 و لە نەیجیریا لە 19ی تشرینی یەکەمی 2014 ڕاگەیاند ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی گونجاوی هەر دوو وڵاتی توش بوو، بەتایبەتی لە ڕووی گرتنەبەری ڕێکاری پێویست و جاڕدانی مەترسیەکەو لێکەوتەکانی بۆ هاونیشتیمانیان. (تقرير المديرة العامة لمنظمة الصحة العالمية رقم A/68/22 :2)

**دووەم/ دەرهاویشتەکانی ڕاگەیاندنی دۆخی لەناکاو لەڕێگەی بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوەکە**

نەخۆشی و پەتاکان بەوە دەناسرێن لەماوەیەکی کورتدا سنووری چەندین وڵاتی جیهان دەبڕن، وەک بڵاوبونەوەی کتوپڕی نەخۆشییەکە لەناو کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی نێوان وڵاتان وەک پەتای کۆرۆنای نوێ لەکۆتایی 2019، وڵاتی چین وەک یەکەمین تووش بوو؛ بڵاوبونەوەی ئەو ڤایرۆسەی لە شاری ووهان ڕاگەیاند، دواتر لە هەموو جیهاندا تەشەنەی کرد، ئەمەش پێویستی بەڕوبەڕوبونەوەی نێودەوڵەتی بوو، چونکە هەموو کیشوەرەکانی گرتەوە. بۆیە ڕێکخراوەکە بڕیاریدا ئەم نەخۆشییە بەپەتا ناو ببات ئەمەش لەبەرئەنجامی توشبوونی تاکەکان لەدەرەوەی ئەو وڵاتانەی تێیدا بڵاوبۆتەوە، بەگەڕانەوە بۆ ساڵانی ڕابردوو پەتای سارس یەکەم دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو لە ساڵی 2003، ڕێکخراوەکە بەپەتای ڕانەگەیاند سەرەڕای بڵاوبوونەوەی لە26 وڵات، هەرچەندە نەخۆشییەکە سروشتێکی خێرای هەبوو لەبڵاوبوونەوە، بەڵام ڕێوشوێنی خێرا گیرایەبەر و تەنیا چەند وڵاتێکی کەم کاریگەر بوو وەک چین، هۆنگ کۆنگ، تایوان، سینگاپور و کەنەدا. ئەم پەتایە لە ساڵی 2012 لە سعودیە و ئوردون دەرکەوتەوەو ناسرابوو بە (ڤایرۆسی MERS) کە بەڤایرۆسی هەناسەدانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسرا، ئەمەش جۆرێکە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، هاوشێوەی ئەو ڤایرۆسانەی دەبێتە هۆی هەناسەدانی توند، کاریگەری لەسەر زۆربەی نیمچەدورگەی عەرەبی هەبوو دواتر 23 وڵاتی ئەورووپی و ئاسیایی و ئەمریکای باکوریشی گرتەوە. (تقرير المديرة العامة لمنظمة الصحة العالمية رقم A/68/22 :٣)

لەبەر ڕۆشنایی تەشەنەی پەتای (کۆڤید-١٩) ڕێکخراوەکە لەڕێگەی بەڕێوەبەری گشتی لە 12ی ئازاری 2020 ڕایگەیاند سەرهەڵدانی کۆرۆنای نوێ لەچین دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی لەخەمی نێودەوڵەتی دروست دەکات. ڕێکخراوەکە لەمێژووی تەمەنیدا شەشەمین جارە لە ٢٠٠٩وە ئەم دۆخە ڕاگەیەنێت، کە پێشتر بۆ پێنج جۆر پەتا ڕاگەیەندرابوو، پێویستی بەوەڵامێکی نێودەوڵەتی خێراو بەهێز بوو، وەک: ١- ئەنفلۆنزای بەراز H1N1 لەساڵی ٢٠٠٩،٢- شەلەلی منداڵ (ئیفلیجی منداڵ) لەساڵی ٢٠١٤ . ٣- بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی ئیبۆلا لە ڕۆژئاوای ئەفریقا لەساڵی ٢٠١٤. ٤- بڵاوبونەوەی نەخۆشی زیکا لەئەمریکا لەساڵی ٢٠١٦. ٥- ئیبۆلا لە کۆماری کۆنغۆی دیموکرات لەساڵانی ٢٠١٨ - ٢٠١٩. (Masseguin, 2019)

لە ساڵی 2009 ڕێکخراوەکە کەوتە بەر ڕەخنەی قورس دوای ئەوەی کە ئەنفلۆنزای بەراز H1N1 ڕاگەیاند بە پەتا، هەرچەندە ڤایرۆسەکە لەسەرانسەری جیهان بڵاوبۆوە، بەڵام ئەوەندە مەترسیدار نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا، بۆیە تۆمەتبارکرا بەوەی خێرابووە لەڕاگەیاندنەکە، ئەمەش هۆکاربوو بۆ سەرهەڵدانی ترسێکی جیهانی بێ پاساو، هەروەها بووە هۆی پیادەکردنی دۆخی لەناکاو بەشێوەی توندو خەرجییەکی زۆر لەلایەن وڵاتان بۆ دابینکردنی دەرمانی دژە ڤایرۆس لەڕێگەی کۆمپانیا بەهێزەکانی جیهان لەبواری دەرمانسازی و چەندین پێداویستی دیکە لەچوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنە نائاساییەی پیادەیان دەکرد. ئەم هەڵەیە لەدەرئەنجامی خەملاندنی پەتایەکی سادەبوو نەک پەتایەکی نێودەوڵەتی. دوبارە لەسەرەتای سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنای نوێ ڕێکخراوەکە دوچاری ڕەخنە بوو بەهۆی دواکەوتن لە ڕاگەیاندنی دۆخەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کاریگەری ڕەخنەکانی پێشو وای کرد دوودڵ بێت لە ڕاگەیاندن بەزوویی. ( لوکال، 2020: 389) لەبەرئەوە لێکەوتەی ترسناکی بەدواداهات زۆربەی وڵاتان ڕوبەڕوی نەهامەتی تەندروستی بوونەوە لەگەڵ پانتایەکی زۆر لەکاردانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پاڵپشت بەجێبەجێ کردنی ڕێنماییەکان زنجیرەیەک ڕێوشوێنی نائاسایی و توند گیرایەبەر و ژیانی ئاسایی تاک و کۆمەڵگای کۆتوبەندکرد لەپێناو ئامانجی گەورەتر. (مجید،2021 : 669) لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە وڵاتانی تووشبوو زانیاری ڕوون دەستەبەر بکەن بۆ جیاکردنەوەی نەخۆشییە مەترسیدارەکان. ڕێکخراوەکە بەهەماهەنگی و پشگیری وڵاتان دەکات بۆ وەڵامدانەوەی نەخۆشییەکە، سەرەڕای گرنگی ڕاگەیاندنی دۆخەکە بەڵام مەترسی بەرفراوانی بۆ سەر ئابووری وڵاتان و بەتایبەت تاکەکان هەیە سەرباری سێکتەرەکانی گەشتیاری و بازرگانییش...تد.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**سێیەم/ ڕاسپاردەی ڕێکخراوی (WHO) بۆ وڵاتانی ئەندام و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان**

ڕاسپاردەکان جەخت لەپێویستی پابەندبوون بەپرەنسیپی ڕێنماییەکان دەکاتەوە بۆ خۆپاریزی لەپەتاکان و ڕووبەڕوبونەوەیان، بەهاوکاری دەسەڵاتی تەندروستی و کارمەندانی نەخۆشخانەکان و سێکتەرە پەیوەندیدارەکان. ( عبد المالك و مناع، ٢٠٢٠: ١٣٦) ڕاسپاردەکان پێک دێت لەڕاسپاردەی کاتی و هەمیشەیی.

ڕاسپاردەی کاتی لەسەر بنەمای ماددە (15برگەی ١)ی ڕێنمایی تەندروستی جیهانییە، ئەگەر هەلومەرجەکە پشتراست بێتەوە لەدروست بوونی کاریگەری لەسەر وڵاتان پاڵپشت بەماددە (١٢)، بەڕێوەبەری گشتی ڕاسپاردەی کاتی دەردەکات بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی لەماددە (٤٩) هاتووە، ئەم ڕاسپاردانە دەکرێ هەموار یا درێژ بکرێنەوە گەر پێویست بێت ئەویش دوای ئەوەی دۆخی لەناکاو لەخەمی نێودەوڵەتی کۆتاییهات، لەوانەشە ڕاسپاردەی کاتی دیکە دەربکرێت گەر پێویست بێت بۆ ڕێگرتن لەدووبارەبوونەوە، بەپێی ماددە (15برگەی ٢) (ڕاسپاردە کاتییەکان دەکرێ بریتی بێت لەڕێوشوێن لەلایەن وڵاتی ئەندام جێبەجێ دەکرێت بۆ بەرەنگاری لەدۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی یا هەر هۆکارێکی دیکە بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە...). (international health regulations 2005: 18) بەپێی ماددە (١٥) لە 29ی شوباتی ساڵی 2020 بەڕێوەبەری گشتی ڕاسپاردەی کاتی بڵاوکردەوە و جەختی کردەوە بەپێی دەستوری UN و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی وڵاتانی ئەندام مافی سەروەریان لەیاسادانان و جێبەجێکردنی یاساکان هەیە، بەپێی سیاسەتی تەندروستییان، تەنانەت ئەگەر سنورداری جووڵەی تاکەکانیشی بەدوادابێت. (السموني، 2020) شیاوی باسکردنە ڕاسپاردە کاتییەکان بەشێوەیەکی خۆبەخۆ سێ مانگ دوای دەرچوون بەسەر دەچێت.

ڕاسپاردەی هەمیشەیی، لەماددە (١٦)ی ڕێنماییەکان تیشکی خراوەتەسەرو پێویستی کردووە لەسەر ڕێکخراوەکە ڕاسپاردەی هەمیشەیی دەربکات سەبارەت بەڕێوشوێنی تەندروستی گونجاو پاڵپشت بەماددە (53). وڵاتانی ئەندام لەوانەیە ئەم ڕاسپاردانە جێبەجێ بکەن سەبارەت بە تاکەکان، لەسەر بنەمای هەڕەشەی بەردەوام بۆ سەر تەندروستی گشتی بەمەبەستی ڕێگرتن لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە ئاستی نێودەوڵەتی. ڕێکخراوەکە بەپێی مادەکە لەوانەیە ئەم ڕاسپاردانە هەموار بکات یان کۆتایی پێ بهێنێت بەپێی پێویستی. (international health regulations 2005: 18)

بەپێی برگەی (٢)ی ماددە (١١)ی ڕێنماییەکان گەر پێویست بکات ڕاسپاردە دەنێرێت بۆ تەواوی وڵاتانی ئەندام و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە زوترین کات بەشێوەی نهێنی، تا ڕووبەڕوی مەترسی تەندروستی گشتی ببنەوە پاڵپشت بە ماددە(٥ بۆ ١٠). پێویستە ڕێکخراوەکە زانیاری بۆ وڵاتانی دیکەی ئەندام بنێرێ تا یارمەتی وڵاتانی توشبوو بدەن بۆ ڕێگرتن لەڕوداوی هاوشێوە.

ڕێکخراوەکە ئەو زانیاریانەی کۆی دەکاتەوە بەپێی ماددە (6 و 8)و ماددە (2/9) ڕێنماییەکان بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و یارمەتیدان، بەمەبەستی دیاریکردنی ڕوداوێک کەهۆکاری نیگەرانی نێودەوڵەتییە، بەپێی ماددە (١٢)ی ڕێنماییەکە. لەهەمان کاتدا ڕێکخراوەکە بڵاوبوونەوەی (نەخۆشییە گواستراوەکان و پیسبوونی ژینگە....) بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەژێر ڕۆشنایی بنەما زانستییەکانی پەتاناسی پشتڕاست دەکاتەوە یا لەڕێگەی بوونی بەڵگە لەسەر ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبونەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. سەرباری ڕاوێژ لەگەڵ وڵاتی ئەندام بۆ ئەو هەلومەرجە نائاساییەکە لەخاکەکەی ڕویداوە بەمەبەستی بەدەست هێنانی زانیاری لەسەری پاڵپشت بەماددە (١١)، کاتێک وڵاتانی ئەندام بەپێی ئەم ڕێنماییانە ئەو زانیاریانەی لەلایەن ڕێکخراوەکە بە پێی برگەی (٢)ی ئەم مادەیە وەری دەگرێت، بۆ ئەوەیە دەستەبەری بکات بۆ ڕای گشتی. ( international health regulations 2005: 15).

**تەوەری دووەم: ڕێنمایی تەندروستی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠٠٥ وەك بنەمایەکی یاسای نێودەوڵەتیی**

ڕێنمایی تەندروستی نێودەوڵەتی ٢٠٠٥ بەقاوغێکی یاسایی دادەنرێت بۆ ڕێکخراوەکەو وڵاتانی ئەندام لەمەڕ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئەو پەتاو نەخۆشییانەی مەترسییان هەیە بۆ وڵاتان بەگشتی. لەم چوارچێوەدا ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بۆ دوو لق، لە لقی یەکەمدا هەوڵی ناساندنی ڕێنمایی تەندروستی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠٠٥ دەدەین، و لە لقی دووەمدا تیشک دەخەینە سەر لیژنەی فریاکەوتنی WHO و ڕۆڵی لەپۆلێن کردنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی :

**لقی یەکەم: ناساندنی ڕێنمایی تەندروستی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠٠٥**

ڕێنمایی تەندروستی نێودەوڵەتیی ساڵی ٢٠٠٥ وەک بنەمایەکی یاسایی کاری ڕێکخراوی تەندروستی ڕەنگ ڕێژکردووە و ڕێکاری ئامادەباشی نەخشەکێشاوە بەئامانجی وەڵامدانەوەی بارودۆخە تەندروستییە مەترسیدارەکان، ئەم چوارچێوە یاساییش

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لەبەرئەنجامی پەیماننامەیەکە بەئامانجی دابینکردنی قاوغێکی یاسایی بۆ ڕێگرتن لەو مەترسییانەی ئەگەری ڕودانی هەیە و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێن لەلایەن وڵاتانی ئەندام و ڕێکخراوەکەوە، وڵاتی عێراقیش وەک ئەندام لەو ڕێکخراوەدا لەیاسای تەندروستی گشتی ساڵی ١٩٨١جەختی لەپابەندبون بەو ڕێنماییە کردۆتەوە.

بۆیە ڕێنماییەکان ئامرازێکی یاسایی نێودەوڵەتین بۆ 196 وڵات، ئامانج لێی یارمەتیدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، وماف و پابەندییەکانی دیاریکردووە، بەمەبەستی پشتگیری ئاسایشی تەندروستی. (منظمة الصحة العالمية-مكتب عمل الدولية، 2019: 15) بەپێی مادده (٣) بنەما بنەڕەتییەکانی دیاریکردووە کەلەسەری دامەزراوە، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لەجێبەجێکردنی ڕێنماییەکە بەبێ ئەوەی پێشلکاری بەرامبەر کەرامەت و مافەکان بکرێت کە لەدەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی WHO هاتووە. (عبدالمالك و مناع، ٢٠٢٠: ١٣٧) لەم چوارچێوە تیشک دەخەینەسەر پێشینەی مێژوویی و ئامانجی ڕێنمایی تەندروستی و پاشان باسی تایبەتمەندی و سروشتی یاسایی ڕێنماییەکە وەک بناغەی یاسای نێودەوڵەتی و شرۆڤەی قوناغەی مامەڵەی ڕێکخراوی WHO لەگەڵ دۆخی لەناکاوی تەندروستی نێودەوڵەتی دەکەین:

**یەکەم/ دەرکەوتنی ڕێنمایی تەندروستی نێودەوڵەتی ساڵی 2005 و ئامانجەکەی**

**١. پێشینەی مێژوویی ڕێنمایی تەندروستی نێودەوڵەتی 2005:** یەکەم ڕێنمایی لەساڵی 1951 دانرا دواتر لە ساڵی ١٩٦٩ جۆرێک سەرکەوتویی پێوە دیاربوو دواتر چەند هەموارێکی بۆکرا سنووردار نەکرا بە ئاگادارکردنەوەی دۆخەکانی وەک کۆلێرا، تاعون ( Maryline,2014 : 689) ....

بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە لەساڵی ٢٠٠٣ هۆکارێک بوو تا حکومەتەکان بروایان بۆ دروست بێت گرنگی بەدۆخە تەندروستییەکان بدەن لەڕێگەی بەرگری بەکۆمەڵ دژ بەو هەڕەشە تەندروستییە گشتییانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە. بۆ دابینکردنی ئەو تەوژمە یاساییەی پێویستە بۆ پرۆسەی پێداچونەوە لەسەر بنەمای ئەو ئەزمونەی لەلایەن ڕێکخراوەکەو وڵاتانی ئەندام بەدەستهاتوون بریتی بوو لەخستەکاری سیستەمی چاودێری نەتەوەیی، لێکۆڵینەوە لەپەتاکان و هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان و هۆشداریدان لە سەرهەڵدانی پەتاکان و هەماهەنگی وڵاتان و ڕێکخراوەکە بۆ وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی، ئەوەبوو لە 23ی ئایاری ساڵی 2005، ئەنجومەنی تەندروستی جیهانی پێداچوونەوەی بە ڕێنماییەکەدا کرد و لە 15ی حوزەیرانی 2007دا کەوتە بواری جێبەجێکردن. (لوكال،2020: 393)

**٢. ئامانجی ڕێنمایی تەندروستی جیهانی لەچوارچێوەی دۆخی لەناکاوی تەندروستی:** بەگوێرەی ئامانجی ڕێنماییەکە پێویستە وڵاتان پێداچونەوەی خولی بۆ یاساکانیان بکەن تا دڵنیابن لە گونجاوی چوارچێوە یاساییەکان بەپێی ڕێنماییەکان بۆ بەڕێوەبردنی دۆخە تەندروستیە مەترسیدارو لەناکاوەکان، ئامانجی بنەڕەتیشی ڕێگرییە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی. سەرەڕای زیادبونی گەشت و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و چەندین ئاڵانگاری نوێ بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گواستراوەکان. ڕێنماییەکە داوا لەوڵاتان دەکات ڕێکخراوەکە ئاگادار بکەن لەو هەلومەرجەی پاساوی نیگەرانی نێودەوڵەتییە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەندام. (عبدالخالق، 2020) بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی توانای حکومەت و خستنەگەڕی توانای بنەڕەتی لەهەموو بوارەکاندا وەک لە مادده (5 و ١٣)ی ڕێنماییەکە هاتووە، پێویستە وڵاتانی ئەندام دەستەبەری یاسایەکی نیشتیمانی بکەن بۆ ئامادەکاری بەرەنگاربونەوەی دۆخەکە کە گونجاو بێت بەگوێرەی بەندەکانی ڕێنماییەکە. هەندێک بەپێویستی دەزانن ڕێکخراوەکە لەگەڵ وڵاتانی ئەندام بەردەوام بێت لەگەشەپێدانی ئامرازی تەکنیکی و ڕێنوێنی توانا ناوخۆییەکان بۆ پشتیوانی وڵاتانی لەبەکارهێنانی یاسادانانی نیشتمانی لەپێناو ڕایی کردنی ڕێنماییەکان لەژێر ڕۆشنایی پێوەرەکانی دەستوری ڕێکخراوەکە.(عمل المنظمة في مجال الطوارئ الصحية،2021: ١١)

هەروەها ئامانجێکی دیکەی ڕێنماییەکان نوێنەرایەتی دامەزراندنی تاکە دەستورێک دەکات لەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێتەبەر بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکارە تەندروستییەکان لەفرۆکەخانە و بەندەرە نێودەوڵەتییەکان و دەروازەی وشکانییەکان، ( international health regulations 2005: 83) لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی باسمان کرد دەردەکەوێت ڕێنماییەکە ئامانجی ئەوەیە ئەندامەکان پابەند بکات بەبەهێزکردنی توانا سەرەتایی تەندروستی وەڵامدانەوەی ڕووداوەکان و هەڵسەنگاندن و ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوەکە لەڕێگەی ڕاپۆرتکردن لە بەرامبەر مەترسییە تەندروستییەکان کەهۆکاری نیگەرانی نێودەوڵەتیین.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**دووەم/ سروشتی یاسایی ڕێنمایی تەندروستی نێودەوڵەتی ٢٠٠٥ و توانای بنەڕەتی ڕێنماییەکە بۆ بەرەنگاربونەوەی بارودۆخەکە.**

**١. سروشتی یاسایی ڕێنمایی تەندروستی نێودەوڵەتی ٢٠٠٥:** ئەگەر سەرنج بدەین ئەم ڕێنماییە لەئەنجامی ڕێککەوتنێکی یاسایی نێودەوڵەتییە لەنێوان وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە، تێیدا ڕێککەوتوون بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی تەندروستی گشتی کە هەڕەشەن بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (بلقاضي، ٢٠١٨: ١٧٨) ئەم ڕێنماییە ئێستا ئامرازێکی یاسایی پابەندکەرە بۆ ١٩٦ دەوڵەت لە سەرانسەری جیهاندا (لەوانەش وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی WHO) بەم پێیە بازنەی ڕێنماییەکانی (٢٠٠٥) زۆر فراوانە و چوارچێوەی تەندروستی گشتی بەفراوانی لەخۆگرتووە بۆ بەرپرسان و ڕاوێژکارانی یاسایی لە وەزارەت و بەشە پەیوەندیدارەکان لە هەموو ئاستەکانی حکومەت کەئەرک و بەرپرسیارێتییان دیاریکردووە (منظمة الصحة العالمية، WHO/HSE/IHR/2009.2) ئەمەش چوارچێوەیەکی یاسایی ڕێکخراوەیی گرنگ پێکدەهێنێت بۆ پشتگیری لەئاسایشی تەندروستی. (بلقاضي، ٢٠١٨: ١٧٨).

ڕوونتر بڵێین ئەم جۆرە لەڕێککەوتن لەچوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی بنەمایەکی یاسایی هەیەو دەچێتە چوارچێوەی پەیماننامەی فرەلایەن (شارعة)[1] چونکە ژمارەیەکی زۆر دەوڵەتان بە خواستی خۆیان لەسەر ئاستی کیشوەرەکان بەشدارن و ئامانجیان خستنەڕووی بنەمایەکی یاساییە لەڕووی بابەتییەوە. (روسو، دون سنة النشر: ٣٧) چونکە ئەم جۆرە لە پەیماننامانە پشت ئەستورن بە بەڵگەنامەی کۆتایی کۆنگرەی ڤییەننای تایبەت بەیاسای پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە لە ساڵی ١٩٦٩ بەسترا. ئامانجی ئەم پەیماننامە پەرەسەندنی یاسای نێودەوڵەتی و گەشەپێدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، ڕێگەش دراوە بە هەموو کەسانی یاسای نێودەوڵەتی بێنە ڕیزەوە. (یادگار، ٢٠١١ : ١٢٥-١٢٦) زۆرینەی یاساناسانی یاسای نێودەوڵەتی یەکدەنگن لەسەر ئەوەی لایەنە بەشداربووەکانی ئەم جۆرە ڕێککەوتننامە ملکەچن بەپابەندییەکانی و ماف ناخاتە ئەستۆی دەوڵەتانی دیکە بەبێ ڕەزامەندی، وەک لە مادده (٣٤) ڕێککەوتننامەی ڤییەننای ساڵی ١٩٧٦ جەختی لێکراوە، لەسەر ئەم بنەمایە هیچ لایەنێکی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکە تایبەت بەبواری تەندروستی بۆی نییە بانگەشە بۆ بڕگەی یاسای ناوخۆیی وڵاتەکەی خۆی بکات وەک پاساوێک بۆ جێبەجێنەکردنی پەیماننامەکە وەک لە مادده (٢٧)ی ڕێککەوتننامەی ڤییەننا پشت ڕاستی کردۆتەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕێنماییەکە ئەرکی یاسایی بەسەر وڵاتاندا سەپاندووە بەگوێرەی ڕێککەوتننامە بەو پێوەرەی (پەیماننامەیەکی جیهانییە) ئەویش لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوەکە لەو بارودۆخە تەندروستییەی لە ناو خاکەکەیدا دروست دەبێت. وڵاتانی ئەندام پابەندن بەبەهێزکردنی توانای نەتەوەیی لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی دۆخەکە و ڕاپۆرتکردن و وەڵامدانەوەی بەگوێرەی ئەو سروشتە یاساییەی بەڕێنماییەکە بەخشراوەو لەسەری ڕازیبوون (Advancing the right to health ,The vital role of law, WHO, 2017) سەرەڕای ئەمە جەختیش لەپێویستی وڵاتان دەکات بۆ هاوکاری ڕێکخراوەکە و هاوکاری یەکتر. (عبد المالك و مناع، ٢٠٢٠: ١٣٢).

دەگەینە ئەو ڕاستییەی ڕێنماییەکە سروشتێکی یاسایی پابەندکاری هەیە بەگوێرەی بەندەکانی یاسای نێودەوڵەتی، لەئاستی باڵا دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە ڕازین لەسەری، لەوانەش عێراق بەو پێوەرەی (1) پەیماننامەی فرەلایەن (شارعة) خۆی دەبینێتەوە لە ڕێسایەکی یاسایی گشتی بۆ ڕێکخستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان دەوڵەتەکان دادەنێت. (ملندي و الحموي، 2018: 39) هەندێک بەپەیماننامەیەکی دادەنێن کە دەبەسترێت لەنێوان ژمارەیەک دەوڵەت، گوزارشت لە بیروڕاو تواناو ئیرادەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکاتەوەو تێیدا بنەمای یاسایی نوێی نێودەوڵەتی دادەمەزرێت و ڕێگەدراوە دەوڵەتانی دیکە دەدرێت بێنە ناو پەیماننامەکە، هەروەها بەپێی ئەم پەیماننامە وەک بنەمایەکی یاسا نێودەوڵەتی دادەنێت، کە خۆی دەبینێتەو لەسەر چاوەی یاسای نێودەوڵەتی.( ابو النصر،2008: ٢٣٦-٢٣٧).

ئەندامی ڕێکخراوەکەیە و بەفلتەری پەرلەمانیشدا دەڕوات و سروشتی یاسایی وەردەگرێت. پێوەرەی ئەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێتەبەر پیویستییەکی گشتین بەبێ جیاکاریی بەگوێرەی قەبارەی مەترسییەکە (سمیر،2020: 182) بەپێی مادده (١١/٢/أ) ڕێنماییەکە سروشتە یاساییەکەی وەهایە ڕێکخراوەکەی پابەندکردووە بەشرۆڤەی ئەو دۆخەی کەجێگەی نیگەرانی نێودەوڵەتییە پاڵپشت بە مادده (١٢)، لەژێر ڕۆشنایی ئەو سروشتە یاساییە، بەپێویستی داناوە ڕێکخراوەکە پشتڕاستی ئەو نەخۆشیینە بکاتەوە بکات کە پەیوەستە بەبڵاوبونەوەی پەتا پاڵپشت بە مادده (١١/٢/ب)، بەپێویستی داناوە پەتاو نەخۆشییەکان بەشێوەی بەرفراوان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سنووری وڵاتان ببڕێت و هەڕەشە بێت بۆ سەر وڵاتان.

**٢. توانای بنەڕەتی ڕێنمایی تەندروستی جیهانی ٢٠٠٥ لەمەڕ بەرەنگاربونەوەی دۆخی لەناکاوی تەندروستیی:** مەبەست لەتوانا بنەڕەتییەکانی ڕێنماییەکان ڕێکار گەلێکن بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان و وەڵامدانەوەی مەترسییەکان وەک لەمادەکانی 5 و 13 دا

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هاتووە، مەترسییەکانیش لەوانەیە بایۆلۆجی بن یان لەڕێگەی ئاژەڵ و خۆراک یا نەخۆشییە گوازراوەکان یان بەهۆی کیمیایی و تیشکی ناوەکی بێت. تواناسەرەکییەکانیش خۆی دەبینێتەوە لە:

ا. **یاسادانان**: بەگوێرەی ڕێنماییەکە ئەرک و مافی وڵاتان و ڕێکخراوە مرۆییەکان دیاری کردووە و پابەندیشیان دەکات، بۆ جێبەجێکردنیشی پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی گونجاویان دارشتبێت و هاوسەنگ بێت بەو توانا تەکنیکیە نوێیانەی لەو برگەو مادانەی ڕێنماییەکە جەختی لێکردۆتەوە بەمەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی دۆخی نائاسایی . (IHR CORE CAPACITY MONITORING FRAMEWOR, 2011: 17)

ب. **هەماهەنگی و چاودێری دۆخەکە**: جێبەجێکردنی ڕێنماییەکە پێویستی بە هاماهەنگییە لەگەڵ دەوڵەتانی توشبوو تا بەهاوبەشی وەڵامی مەترسییەکان بدەنەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ڕێنماییەکە بەپێویستی داناوە بەهەماهەنگی هەوڵی دۆزینەوە و ڕاگەیاندنی مەترسییەکان و خەمڵاندن و وەڵامدانەوەی هەڕەشەکان بدرێت، مەرجە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی ئەوانەی بەشدارن لەجێبەجێکردنی ڕوون بێت تا باشتر لەڕێگەی سیاسەتی تەندروستی گشتی و یاسادانانەوە پێناسە بکرێن بۆ دڵنیابوون لەکاریگەرییەکانی. (IHR CORE CAPACITY MONITORING FRAMEWOR, 2011 :18)

پ. **وەڵامدانەوە:** ڕێکخراوەکە پاڵپشت بەڕێنماییەکان وەڵامی دۆخەکە دەداتەوە لەڕێگەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی خێرا، بەتایبەت ئەو نەخۆشییانەی هەڕەشەن بۆ سەر تەندروستی گشتی لەماوەی ٢٤ کات ژمێر.

ت. **ئامادەباشی و ڕاگەیاندنی مەترسییەکە**: ئامادەباشی و نەخشەدانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێویستییەکی هەنوکەیین، لەهەمانکاتدا دەستنیشانی سەرچاوەی مەترسییەکان و تەشەنەسەندنی دەکات بەپێی توانا بەگوێرەی ئەو پشتگیرییەی دەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی دۆخەکە. پشتگیری وڵاتانیش بۆ ئەوەیە جۆری هەڕەشەکان دیاری بکرێن و هەڵسەنگاندن بۆ زیانەکان بکات. پێویستە ڕەچاوی لایەنە کۆمەڵایەتی و ئایینی و کەلتوریی و سیاسی و ئابوورییەکانی بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی توانای وڵاتان و کۆمەڵگە، لەڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و دروستکردنی متمانەی دەسەڵات و دانیشتوان پەیوەست بەدۆخی لەناکاو. (المكتب الاقليمي لشرق الاوسط،2022، who (http://www.who.int/ar/international-health-regulations/about/ihr-core-apacities.html)

ح. **سەرچاوە مرۆیی و خزمەتگوزاری تاقیگەکان**: بەهێزکردنی توانای کارامەیی کارمەندانی تەندروستی گشتی گرنگە بەمەبەستی چاودێری تا وەڵامی ئەو کاریگەریانە بدرێتەوە لەچوارچێوەی سیستەمی تەندروستی گشتی، هەروەها خزمەتگوزاری تاقیگەکان بەشێکن لەقۆناغەکانی ئاگاداری و وەڵامدانەوەی پەتاکان، ئەمەش بۆ دۆزینەوەو لێکۆڵینەوەیە لەسەرچاوەی نەخۆشییەکان لەئاستی نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی، ئەنجامی تاقیگەکان مەترسییەکان ئاشکرادەکات ئاخۆ دەبێتەهۆی فریاکەوتنی تەندروستی نێودەوڵەتی. (IHR CORE CAPACITY MONITORING FRAMEWOR, 2011: 18)

**سێ یەم/ پابەندی وڵاتانی ئەندام بەپێی ڕێنمایی تەندروستی جیهانی ٢٠٠٥**

ئەوەی جێگەی پرسیارە تاچەند ڕێنماییەکان لەئاستی نێودەوڵەتی سیفەتی پابەندکارییان تیایە؟ لەگەڵ ئەوەی ڕێنماییەکان لە مانگی ئایاری ساڵی 2005دا لەلایەن نزیک دوو سەد وڵاتی ئەندام پشگیری کراوە، بەگوێرەی مادده (١٣)ی ڕێنماییەکان هەموو وڵاتانی ئەندام پابەندن بەو پێوەرەی خۆیان ڕازیبوون لەسەر دەقەکانی ڕێنماییەکە، ئەمەش بەمەبەستی هاوکاری و پشتگیری ڕێکخراوەکەیە و جێبەجێکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی و وەڵامدانەوە (لەنزیکترین کات) هەروەها پابەندی وڵاتانی دیاری کردووە بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی ڕوداوەکە لەپێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی جیهانی بەزوویی، ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ دڵنیابوونە لە ڕێگری لەتەشەنەکردنی پەتا گواستراوەکان، ڕێکخراوەکە لە نزیکەوە کار دەکات لەگەڵ وڵاتان بۆ بەرزکردنەوەی توانای نەتەوەیی و هەرێمی و جیهانی.(موقع who، https://www.who.int/news-room/questions-and-answers/item/who-s-role-in-emergencies)

ئەم پرۆسەیە بە دوو قۆناغدا تێپەڕی بەمەبەستی جێبەجێکردنی پابەندییەکان؛ لە قۆناغی یەکەمدا لەحوزەیرانی لەساڵی 2007 تا 15ی حوزەیرانی ساڵی 2009، پێویستە وڵاتانی ئەندام توانای پێکهاتە و سەرچاوە نەتەوەییەکان هەڵسەنگێنن بۆ دەستەبەری پێداویستییە بنەڕەتییەکان تا ئاستێک توانای چاودێری دۆخەکە و چالاکی وەڵامدانەوەکان دیاری بکەن. لە قۆناغی دووەمدا لەحوزەیرانی ساڵی 2009 تا حوزەیرانی ساڵی 2012 دەکرێت وڵاتانی ئەندام پلانی کاری نەتەوەیی جێبەجێ بکەن بۆ دڵنیابوون لەبوونی توانای بنەڕەتی و جێبەجێکردنی ئامانجەکان لەهەموو وڵات، ئەو دەوڵەتانەی گرفتیان لەجێبەجێکردنی پابەندییە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نێودەوڵەتییەکان هەیە دەتوانن داوای درێژکردنەوەی ماوەکە بکەن بۆ دوو ساڵی دیکە تا 15ی حوزەیرانی ساڵی 2014 . (لوکال، ۲۰۲۰: ۳۹٤) .

هەروەها وڵاتانی پابەندکردووە فرۆکەخانەو بەندەر و دەروازە وشکانییەکان سنوردار بکەن، دەستوری ڕێکخراوەکە مافی تەندروستی کورت نەکردۆتەوە تەنها بەدابینکردنی چاودێری تەندروستی، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ دەستگەیشتن بە ئاوی خواردنەوەی تەندروست و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و ژینگەی سەلامەت و گەیشتن بە هۆشیاری تەندروستی و بەشداری دانیشتوان لە تەواوی پرۆسەی بڕیاردانی تەندروستی لە ئاستی نێودەوڵەتی ناوخۆی وڵاتان.

ڕێنمایەکە بەپێویستی داناوە وڵاتان بە پێی توانا خزمەتگوزاری دابین بکەن و چاودێری تەندروستی بکەن و تا دەگاتە ئاستی کۆتایی هێنان بە دۆخەکە، ئەم مافەش لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بەتایبەت وەزارەتی تەندروستی تا ڕێگری بکات لەهەر چالاکیەک ببێتە هۆی زیانگەیاندن بەتەندروستی گشتی ئەمەش لەڕێگەی جیاکردنەوەی ناوچەی توشبوو، تاوەکو پەتا و نەخۆشییەکە تەشەنە نەکات بۆ سەرتاسەری وڵات. (إبراهيم،2020: 209) وەک لە ماددە (٤٦/یەکەم)ی یاسای تەندروستی گشتی عێراق ژمارە ٨٩ی ساڵی ١٩٨١ جەختی لێکردۆتەوە. سەرکەوتنی ڕێکخراوەکە پشتبەشتە بەتوانای زانستی پزیشکی بۆ یارمەتی وڵاتان بەمەبەستی وەڵامدانەوەی نەخۆشییەکان، بەشێکی دیکەی پابەندییەکان خۆی دەبینێتەوە لە: (مصطفى، ٢٠٢١: 212-٣١٣).

ا. ڕێنماییەکە مافی بە WHO داوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نەخۆشییەکان، هەروەها مافی داوە بەوەی داوای لێکۆڵینەوە بکات لەحکومەتەکان ئەگەر پێویست بێت زانیاری لەگەڵ وڵاتان ئاڵوگۆڕ بکات.
ب. بەپێی ڕێنماییەکان ڕێکخراوەکە دەتوانێت مەرجی گونجاو و بەهێز بسەپێنێ بەسەر وڵاتانی ئەندام بەپاساوی پاراستنی تەندروستی گشتی و بازرگانی و سنوردارکردنی گەشتەکان ئەمەش بەمەرج دانراوە گونجاو بێت لەگەڵ پێشنیارەکانی ڕێکخراوەکەو ڕێکارەکانی ڕووبەڕوبونەوەی نەخۆشییەکە.
پ. ڕێنماییەکان وڵاتانی ئەندام پابەند دەکات مافەکانی مرۆڤ بپارێزن لە کاتی بەڕێوەبردنی دۆخی لەناکاو تەندروستیدا. لێرەدا دەرکەوت ڕێنماییەکان بەئامرازێکی یاسایین و سروشتی پابەندکاریان هەیە، تەنانەت بۆ ئەوانەش ئەندام نین بەڵام ڕازین بە پابەندییەکە. ڕێکخراوەکە ڕوونی کردۆتەوە ئەم ڕێنماییانە ڕێککەوتنێکن لەنێوان 196 وڵات بۆ بەدواداچونی ئاسایشی تەندروستی جیهانی. (عبدالخالق، 2020)

عێراقیش وەک دەوڵەتێکی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لەساڵی ١٩٤٥ پەسەندی دەستوری ئەم ڕێکخراوەی کردووە (الامم المتحدة https://www.un.org/ar/library/unms ) لە ماددە (٩ / هـ)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ جەختی لەپابەندبون و ڕێزگرتن لەپابەندییە نێودەوڵەتییەکان کردووە و لەماددە (1/١) یاسای ڕێککەوتننامەی ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠١٥ش جەختی لێکراوەتەوە، بەم پێیە عێراق پابەندە بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، جا ڕێککەوتنی دوو قوڵی یان فرەلایەن بێت، وەک دەبینین یاسادانەری عێراق پەسندکردنی پەیماننامەکان لەڕێگەی یاسادانانی ناوخۆوە ڕێکدەخات، بەجۆرێک ئەو ڕێککەوتنە ببێتە بەشێک لە یاساکانی ناوخۆی عێراق، وەک لە ماددە (٦١/٤) لە دەستوری عێراقدا، ئەمەش بەو مانایەیە ئەم ڕێککەوتنانە پێگەی یاسای ئاسایی ناوخۆیی بەدەست دەهێنن، (سعيد،٢٠٢٠ : ٣٨) لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەت پەیڕەوی تیۆری یەک یاسایی دەکات بەو پێوەرەی دەبێت بەبەشێک لەیاسای ناوخۆیی، هەرچەندە هەمان ڕێکارەکانی دەرچونی یاسای ئاسایی بەسەردا پەیڕەو ناکرێت (رشيد و حسين،٢٠٢٠ :٥٢٩) .

لەسەر ئەم بنەمایە مادام عێراق ئەندامە لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەچوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ملکەچە بۆ ئەو ڕێنمایی و ڕاسپاردە تەندروستییانەی لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکە دەردەکرێن لەپێناو پاراستنی تەندروستی گشتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆیە لەسەر ئاستی ناوخۆی وەک یاسا ئاساییەکان پیادەی دەکرێن بەو پێوەرەی لەلایەن یاسادانەر پەسەندکراوە جۆرێک لەسروشتی یاسای ناوخۆی پێ بەخشراوە، لەم چوارچێوە توێژەرانی یاسای گشتی پێیانوایە گۆڕینی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بۆ دەقی یاسایی ناوخۆیی سەلامەتترین ڕێکارە و پەسەندکردنی دەبێتە هۆی ڕێکوپێکی بڕیارە دادوەرییەکان. (سعيد،٢٠٢٠ : ٤٠).

**چوارەم/ قۆناغەکانی مامەڵەی ڕێکخراوەکە لەگەڵ وڵاتانی ئەندام بەپێی ڕێنماییەکە:** ڕێنماییەکە مامەڵەی ڕێکخراوەکەی لەگەڵ وڵاتانی ئەندام بە ٣ قۆناغ دیاری کردووە:

**١. ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوەکە لەلایەن وڵاتانی ئەندام:** بەگوێرەی ڕێنماییەکان پێویستە ئاگاداری ڕێکخراوەکە بکرێت لەو هەلومەرجەی هەڵسەنگێنراوە و فریاکەوتنی تەندروستی گشتی لەخەمی نێودەوڵەتی دروست دەکات، ئەمەش وا ئەژمار دەکرێت

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

مەترسییەکە جدییە. بەلەبەرچاوگرتنی شوێنی ڕووداوەکە پێویستە ئاگاداری لەماوەی 24 کاتژمێری هەڵسەنگاندن لەلایەن ئەو وڵاتەوە بنێردرێن، ئەمەش دوای پەیڕەوکردنی دەقەکانی ڕێنماییەکە. پاڵپشت بەجێبەجێکردنی پاشکۆی دووەمی ڕێنماییەکە 3 پێوەری دیاریکردوە بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە لەڕووداوەکە ئاگادار بکرێتەوە:

ا. ئایا ئەم بارودۆخەکە کاریگەری کردووەتە سەر تەندروستی گشتی؟ یاخود ئایا بارودۆخەکە نائاساییەکە چاوەڕوان نەکراوە؟
ب. ئایا مەترسییەکی بەرچاو یا شاراوە (محتمل) هەیە وەک بڵاوبونەوەی نەخۆشی لەئاستی نێودەوڵەتی کەمەترسیداتر بێت بۆ سەر تەندروستی گشتی؟
پ. ئایا سنوردارکردنی گەشت یان بازرگانی نێودەوڵەتی ئەگەری زۆرە پەنای بۆ ببرێت؟

ئەم ئاگانامانە دوابەدوای زانیاری ورد دێت پەیوەست بەو ڕووداوانەی کاریگەریان هەیە، وەک دەستەبەری زانیاری لەئەگەری ڕودانی کارەسات و دیاریکردنی هەلومەرجەکە و ئەنجامی تاقیگەکان و سەرچاوەی هەڕەشەو جۆری مەترسییەکە و ژمارەی نەخۆش و مردنەکان و ئەو حاڵەتانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەو ڕێوشوێنە تەندروستییانەی گیراوەتەبەر. (لوكال، ۲۰۲۰: ۳۹٥).

**٢. ڕاوێژ لەنێوان وڵاتانی ئەندام و ڕێکخراوەکە:** ڕاوێژکردن وەک یەکێک لەقۆناغە گرنگەکانی مامەڵەی ڕێکخراوەکە پەیوەست بە دۆخی لەناکاوی تەندروستی بەپێی ڕێنماییەکان دادەنرێت، ئەمەش لەبەرئەنجامی دەرفەتێکی گونجاو بۆ ڕادەستکردنی زانیاری پەنا دەبرێتەبەر گفتوگۆو ئاڵوگۆڕی زانیاری، بۆیە لەو بارودۆخانەی وڵات ناتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ دۆخەکە تەواو بکات، لەوانەیە ڕاوێژی نهێنی لەگەڵ WHO بکات بەئامانجی پشتگیری زانستی و دارایی کەپێویستە بۆ مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا.

**٣. ڕاپۆرتی وڵاتانی دیکە:** پێویستە وڵاتان ڕاپۆرت بدەن لەڕێگەی سەنتەری پەیوەندی نەتەوەیی ڕێکخراوەکە بەپێی ڕێنماییەکان لەماوەی ٢٤ کاتژمێر لەدەرئەنجامی دەستکەوتنی بەڵگەی دروست لەئەگەری هەڕەشەی تەندروستی کە لەدەرەوەی خاکەکەیان ڕوویدابێت، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. هەرچەندە وڵاتی چین لەکۆتایی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ ڕێکخراوی WHOی ئاگادارکردەوە لەبوونی پەتای کۆرۆنای نوێ، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو وڵاتەی بەدواخستنی ڕاپۆرت و شکستهێنان لەو پابەندبوونە نێودەوڵەتییە تۆمەتبار کرد و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی خستە ئەستۆی ڕێکخراوەکە لەبەرامبەر ئەو زیانانەی بەر وڵاتان کەوتووە بەهۆی دوچاربوونی بەپەتاکە، بەپاساوی ئەوەی وڵاتی چین سەرەتا ڕایگەیاند پەتاکە لەئاژەڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ، دواتر بەپێچەوانەوە ڕایگەیاند دەگوازرێتەوە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا. (مصطفى، 2021: ٣٢١- ٣٢٢).

لەبەر ڕۆشنایی ئەمانە وڵاتانی ئەندام پابەندن بەپێشکەش کردنی ڕاپۆرتی ئاماری نەخۆشییەکەو لێکەوتەکانی، مەرجە ئاگاداری ڕێکخراوەکە بکات لەو ڕوداوەی دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی دروستی دەکات بەگوێرەی پێوەرە دیاریکراوەکان وەک لەمادده (١)ی ڕێنماییەکان جەختی لەسەر کراوەتەوە هەر دەوڵەتێک مادام ئەندامە پابەندیشە بەئاگاداری ڕێکخراوەکە پاڵپشت بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان. هەموو وڵاتێکی ئەندام لەماوەی ٢٤ کاتژمێر هەڵسەنگاندن بۆ ڕوداوەکە دەکات کەلەخاکەکەی ڕویداوە، بۆ ئاگاداری ڕێکخراوەکە لەڕێگەی سەنتەری پەیوەندی نەتەوەیی دەکرێت، وەک خاڵی پەیوەندی پاڵپشت بە مادده (٤)ی ڕێنماییەکان. لەڕاپۆرتەکە پێویستە سەرچاوە و جۆری مەترسی و ژمارەی توشبووان و مردووان و دەرهاویشتەکانی دیکە پاڵپشت بە مادده (٦) ئاراستەی ڕێکخراوەکە دەکرێت. (محافظه و الطعاني، 2021: ٥٣٩) پاڵپشت بەڕاپۆرتی وڵاتە توشبووەکان، بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوەکە هەڵسەنگاندن بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی فریاکەوتن دەکات وەک لە 8ی ئابی ساڵی 2014 بڵاوبوونەوەی ئیبۆلا لەڕۆژئاوای ئەفریقا وەک دۆخی لەناکاوی نێودەوڵەتی پەسەندکردو ئامۆژگاری لیژنەکەی کرد لەڕێگەی ڕاسپاردەی کاتی بۆ کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی ئیبۆلا. (موقع WHO، www.who.int/ar/home/search?indexCatalogue) .

لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکان لە ئایاری ساڵی 2014 بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوەکە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (ئیفلیجی منداڵ)ی بەنیگەرانی نێودەوڵەتی دانا و ڕاسپاردەی کاتی دەرکرد بۆ کەمکردنەوەی بڵاوبونەوەی لەسەر ئاستی وڵاتان و داوای دووبارە هەڵسەنگاندنی دۆخەکەی کرد لەلایەن لیژنەی فریاکەوتنی ڕێکخراوەکە لە ماوەی ٣ مانگ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وەرزی نوێی ڤایرۆسەکە لەئاسیای ناوەڕاست لە حوزەیرانی 2014 و زۆرێک لەوڵاتانی ناوەڕاستی ئەفریقا، ئەوەبوو ڕاپۆرت ئاراستەی ڕێکخراوەکە کرا، لەکۆتایدا دۆخی لەناکاوی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند، بەتایبەت لەو وڵاتانەی سیستەمی تەندروستییان لاوازە چونکە ئاستی بەرگری و خزمەتگوزاریان لاوازە. بۆیە بەپێی تێڕوانینی لیژنەکە دۆخی لەناکاوی تەندروستی پاڵپشت بەمادده (١٢) بەردەوام مایەوە. (المكتب الاقليمي لشرق الاوسط who، http://www.emro.who.int/ar/polio/polio-news/ihr-

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

html2statement-) بەپێی مادده (٩)ی ڕێنماییەکان، ڕێکخراوەکە ڕەچاوی ڕاپۆرتەکان دەکات بۆ دروست بوونی دۆخێکی لەناکاوی تەندروستی ڕێکخراوەکە دەتوانێت هاوکاری وڵاتی توشبوو بکات بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی پێشکەشی کردووە، ئەگەر وڵاتەکە قبوڵی نەکرد ئەوا ڕێکخراوەکە زانیاری لەگەڵ وڵاتانی دیکە هاوبەشی پێ دەکات بۆ هاندانی ئەو وڵاتە بۆ قبوڵ کردنی هاوکاری و هەماهەنگی. (محافظه و الطعاني، 2021: ٥٤٢).

**لقی دووەم: لیژنەی فریاکەوتن ڕۆڵی لەپۆلێن کردنی دۆخەکەو هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبردنیی لەلایەن ڕێکخراوەکە**

**یەکەم / لیژنەی فریاکەوتن:** بەسەرنجدان لە مادده (1/48)ی ڕێنماییەکان (بەڕێوەبەری گشتی لیژنەی فریاکەوتن دادەمەزرێنی بۆ مەبەستی ڕاوێژ کردن)، لە برگەی (٢) تیشکی خستوتەسەر تایبەتمەندی لیژنەکە و پێکهاتەکەی، وەک هاوکارێکی سەرەکی بەڕێوەبەری گشتی بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاوێژ. بەگوێرەی مادده (٤8) لیژنەکە لە شارەزایانی نێودەوڵەتی پێکهاتوون، ئامۆژگاری تەکنیکی پێشکەشی بەڕێوەبەری گشتی دەکەن سەبارەت بەو هەلومەرجەی پاساوی خەمی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، هەر لەم برگەیەدا چۆنییەتی دیاری کردنی ئەندامان و ماوەی ئەندامێتیان دیاری دەکات. (who،٢٠١٩، www.who.int)
هەر لەچوارچێوەی مادده (٤8)دا هاتوە لیژنەکە بۆچوونەکانی دەخاتە ڕوو لەم بارانە:

١. ئەو هەلومەرجەی هۆکارە بۆ دروستبوونی دۆخەکە لیژنەکە دیاری دەکات بەهۆی لێکەوتەی نێودەوڵەتی.
2. لیژنەکە ڕاسپاردەی کاتی دەردەکات بۆ وڵاتانی دوچاربوو کەپاساوی نیگەرانی نێودەوڵەتیین، هەروەها پێشنیار بۆ وڵاتانی دیکە دەکات بۆ ڕێگری لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە و خۆبەدورگرتن لەکاریگەرییە ناپێویستەکان لەسەر بازرگانی و گەشتی نێودەوڵەتی.
٣. هەڵسەنگاندنی کۆتایی بۆ هەلومەرجەکەو کۆتایی هێنان بە دۆخی لەناکاو دەکات کە هۆکاری هەڕەشەن بۆ سەر ژیانی تاکەکان لەسەر ئاستی وڵاتان بەگشتی.

هەر لەبەر ڕۆشنایی مادده (2/48) ئەندامانی لیژنە لەسەر بنەمای شارەزایی هونەری و ئەزموون هەڵدەبژێردرێن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پرەنسیپی نوێنەرایەتی جوگرافی دادپەروەرانە، لانیکەم ئەندامێک لەلایەن وڵاتی ئەندام دیاری دەکرێ لەوڵاتی تووش بوو. لەمادده (12)ی ڕێنماییەکان بەڕێوەبەری گشتی بڕیاری کۆتایی دەدات لەسەر ئامۆژگاری لیژنەکەو زانیاری وڵاتان و پسپۆرانی زانستی و خەمڵاندنی مەترسییەکە. لیژنەکە لانیکەم هەر ٣ مانگ جارێک کۆدەبێتەوە بۆ پێداچونەوە بەدۆخەکە تا بکۆڵێتەوە لەوەی پێویستی بە دۆخی لەناکاوە. (منظمة الصحة العالمية، 2019، www.who.int/ar/ emergencies/ diseases / novel- coronavirus -2019/ advice-for- public/qa- coronaviruses.) بۆ ڕاگەیاندنانی دۆخەکە پێویستە لیژنەکە زانیاری و بەڵگەنامە کۆبکاتەوە، پێویستە کاتی پێویست بدات بە ئەندامانی لیژنە بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجام، ئامادەکردنی ئامۆژگاری لەلایەن لیژنەکە مەرج نییە بەکۆی دەنگ بڕیار بدەن، دەبێت تێروانینی ئەندامانی ناڕازی ئاماژەی بۆ بکرێت لەڕاپۆرتەکەدا. (جمعية الصحة العالمية، جدول الاعمال ج9/74، ٢٠٢١: ١١)

بەگوێرەی سروشتی جیاوازی پەتاو نەخۆشییەکانی ساڵانی ڕابردوو، لیژنەکە ڕۆڵی گەورەی بینی، بەگەڕانەوە بۆ دۆخی بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنای نوێ لە ٢٢ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ سەرۆکی ڕێکخراوەکە لیژنەی فریاکەوتنی پێک هێنا پاڵپشت بە مادده (٤8)ی ڕێنماییەکە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخەکە. دوای هەڵسەنگاندن لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرت و ڕاوێژ و ئەنجامی تاقیگەو لێکەوتەکانی دیکە، یەک ڕا نەبوون لەسەر زانیارییەکان، دوبارە داوای بەستنی لیژنەکە کرا بۆ دە ڕۆژی دیکە بۆ زانیاری بەهێزتر، لەو ماوە ئەم پەتایە بەشێوەی خێرا تەشەنەی سەند و سنوری وڵاتانی بڕی، بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی WHO لە وەڵامدانەوەی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنای نوێ لە ساڵی 2020 پیادەی کرد (منظمة الصحة العالمية، 2020، www.who.int/ar/news-room/detail/29-06-2020-covidtimeline(18)ibid) پێش کۆتایی ماوەکە بەهۆی زۆری قوربانی بەڕێوەبەری گشتی داوای کۆبونەوەی لەلیژنەکە کرد و دواتر یەک ڕا بوون و بەڕاپۆرت ئاگاداری بەڕێوەبەریان کرد لە دروست بوونی دۆخەکەو بەڕێوەبەری گشتیش هاوڕابوو لەسەری. (محافظه و الطعاني، 2021: ٥٤٤) لە ٣٠ کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ لەژێر ڕۆشنایی دەستور و ڕێنمایی ڕێکخراوەکە پاڵپشت بەڕاپۆرتی وڵاتانی توشبوو و ڕێنوێنییەکانی لیژنەکە بەڕێوەبەری گشتی ڕایگەیاند دۆخی لەناکاوی دروست بووەو کاریگەری هەبووە بۆ سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بڕیارەکانیش پاڵپشتە بە مادده (٤٩)ی ڕێنماییەکە. (مصطفى، ٢٠٢١: ٣١٤-٣١٥) بەهەمان شێوە بۆ ڤایرۆسی ئیبۆلاو زیکاش لیژنەکە ڕۆڵی بینی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەڵام لەبڕیارێکی جیاوازی لیژنەکە لە ١٧ی تەموزی ساڵی ٢٠١٣ دەربارەی ڤایرۆسی مێرس (Mers-cov) کە بە یەکێک لەگروپەکانی کۆرۆنا ڤایرۆس دانراوە لای ڕێکخراوەکە، بەبەشداری شارەزایانی وڵاتانی توشبووی وەک (فەرەنسا و ئەڵمانیاو ئیتاڵیا و ئەردەن و سعودیە) گفتوگۆ سەبارەت بەو نەخۆشییەی توشی کۆئەندامی هەناسە دەبێت و بەڕاپۆرت وەڵامی لیژنەکە درایەوە و دوای هەڵسەنگاندن بۆی دەرکەوت دۆخی لەناکاوی تەندروستی لەخەمی نێودەوڵەتی دروست ناکات. (المكتب الاقليمي لشرق الاوسط WHO، 2013،قلقا+دوليا=www.emro. Who.int/ search/ar/index.html?q).

**دووەم/ پۆلێنی مەترسییەکان لە دۆخی لەناکاوی تەندروستی لای لیژنەی فریاکەوتن:** لیژنەی فریاکەوتنی پۆلێنی مەترسی بۆ ڕاگەیاندنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی کردووە بۆ 4 پلە: (WHO, 2017 : 28)

١- **دۆخی پۆلێن نەکراوە:** ڕووداوێکی تەندروستی گشتییە یان دۆخێکی لەناکاوە دەتوانێت چاودێری بکرێت لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، بەڵام پێویستی بە وەڵامدانەوەی کرداری نیە.

٢- **دۆخی لەناکاوی پلە یەک (زەرد):** ڕووداوێکە لە یەک وڵات یان چەند وڵاتێکدا ڕوودەدات، کەمترین دەرئەنجامی تەندروستی گشتی لێ دەکەوێتەوە ئەمەش پێویستی بە کەمترین وەڵام هەیە لەلایەن ئۆفیسی پەیوەندی نەتەوەیی یا پێویستی بەکەمترین وەڵامی ڕێکخراوەکە هەیە.

٣- **دۆخی لەناکاوی پلە دوو (پرتەقاڵی):** لەبەرئەنجامی ڕوداوێکی تەندروستی گشتی مامناوەند لەوڵاتێک یان چەند وڵاتێکدا دروست دەبێت، پێویستی بە وەڵامی گونجاو لەلایەن بارەگای پەیوەندی نەتەوەیی ڕێکخراوەکە، سەرەڕای پێویستی پشتگیری ڕێکخراوەیی لەلایەن ڕێکخراوەکە، ڕێکخراوەکە ئەفسەری فریاکەوتن دادەمەزرێنێ لەبارەگای سەرەکی بۆ یارمەتی و هەماهەنگی و پشتگیری، ئەمەش تەنها ئەگەر چەند ناوچەیەکی دیاریکراو دووچاری ئەم بارودۆخە ببنەوە.

٤- **دۆخی لەناکاوی پلە سێ (سوور):** لەئەنجامی دۆخێکی مەترسیدار لەوڵاتێک یان چەند وڵاتێک دروست دەبێت کەدەرئەنجامی مەترسیداری هەیە بۆ سەر تەندروستی گشتی و پێویستی بەوەڵامی خێراو گونجاو لەلایەن بارەگای ئاماژەبۆکراو، هەروەها پێویستی بەوەڵامی نێودەوڵەتی و پشتگیری ڕێکخراوەیی هەیە، بەئامانجی بەهێزکردنی سەرچاوەی مرۆیی و دارایی. ڕێکخراوەکە دەستنیشانی ئەفسەری فریاکەوتن دەکات بۆ یارمەتیدان لەڕێکخستنی کاروبارەکان، بەگوێرەی جۆری ئەو دۆخەی دووچاری چەندین شوێن بۆتەوە، ئەو کۆمەڵەی لەبارەگای سەرەکی هاوکاری بەڕێوەبردنی ڕوداوەکان دەکات بەهەماهەنگی لەسەرانسەری هەرێمەکان وەڵامی دۆخەکە دەداتەوە. (WHO, 2017 :28)

**سێیەم/ هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبردنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی ڕێکخراوی WHO**

سەرباری ئەو ڕێکخستنەی لەچوارچێوەی دەستور و کاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیدا هاتون تایبەت بە بەڕێوەبردنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێکخستنە دوچاری چەندین ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بویەوە، لەنمونەی ئەوانە:

١- ڕێکخراوەکە پشت دەبەستێ بە ئاگاداری و ڕاپۆرتەکان لەسەر ئاستی وڵاتانی توشبوو، هەرچەندە لەڕووی کردەیی دەرکەوتووە، ئەو وڵاتانەی سیستەمی تەندروستییان دووچاری شەلەل بووە دەتوانن ڕێگری لەئاشکراکردنی نەخۆشییەکە بکەن، وەک ئەوەی لەشاری وهانی چین ڕوویدا کە وڵات شکستی هێنا لە ئاگادارکردنەوە.

٢- ڕێکخراوەکە نەیتوانی دەستپێشخەری بکات لەداخستنی ئاسمانی وڵاتی چین یاخود دەتوانین بڵێین شکستی هێنا بەهۆی بەرژەوەندیی باڵای ڕێکخراوەکە لە زیان نەگەیاندن بە ئاسمانی نێودەوڵەتی.

٣- ڕێخراوی WHO ڕاگەیاندنی دۆخەکەی دواخست بەهۆی ئەو ڕەخنانەی کە پێشتر ڕووبەڕووی کرایەوە بەتایبەت ئەو ڕەخنانەی لەسەر ڕاگەیاندنی پەیوەست ڤایرۆسی بەراز (H1N1) کرا و ئەو تایبەتمەندی و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییانەی هەندێک لەوڵاتان بەسەر ڕێکخراوەکە هەیانە. سەرەڕای ئەو ڕەخنانە چەندین ڕەخنەی دیکە لەڕێکخراوەکە گیرا بەهۆی نەبوونی متمانەی وڵاتە زلهێزەکان بەڕێکخراوەکە، دیارترین نمونەش هەڵوێستی ولایەتە یەگرتووەکانی ئەمەریکایە لەسەروبەندی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنای نوێ[1].

---

(١) ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەندین تۆمەتی ئاڕاستەی ڕێکخراوەکە کرد و بەلایەنگری وڵاتی چینی دانا لەبڵاوبوونەوەی کۆڤید ١٩، ئەمەش بەهۆی دواکەوتن لە ڕاگەیاندنی دۆخەکە و شاردنەوەی زانیاری، سەرەڕای ڕەخنەی توند لەڕێکخراوەکە بەهۆی شکست هێنان لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر وڵاتی چین لەبڵاوبونەوەی پەتاکە، ئەوەبوو بڕیاریدا بەشداری وڵاتەکەی لەڕێکخراوەکە ڕابگرێت و هاوکاری داراریشی وەستاند هەروەها تۆمەتباری کرد بەوەی کە بەڕێوەبەری گشتی بە پشتیوانی چین گەیشتوونەتە ئەو پۆستە. ئەمەش هۆکارێک بوو کە ڕێکخراوەکە دووچاری کەموکورتی بێتەوە لەڕاگەیاندنی دۆخەکەو مامەڵەکردن لەگەڵی. (لوکال، ٢٠٢٠: ٣٩٧)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

4. بەهۆی هەیمەنەی وڵاتە زلهێزەکان و هاوکاری دارایی و ئەو وڵاتانە بۆ ڕێکخراوەکە لەڕووی لۆژیکیەوە وادەکات تاڕادەیەک جیاکاری بەدی بکرێت بەتایبەت لەو کارەساتانەی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن و چەندین کارەساتی تەندروستی گستی بەدواداهات.
5- لاوازی توانای دارایی ڕێکخراوەکە بەهۆی ئەوەی توانای یارمەتیدانی هەندێک وڵاتانی توشبووی نەبوو وەک ئیتالیا و ئیسپانیا یان بەهۆی خراپی هەماهەنگی و یارمەتی وڵاتە بەتواناکان. (لوکال، ٢٠٢٠: ٣٩٧).

**کۆتایی**

لەئەنجامی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە لە بابەتی توێژینەوەکە، گەیشتینە کۆمەڵێک دەرەنجام و چەند پێشنیارێک، وەک لەخوارەوە هاتووە:

**یەکەم: دەرئەنجامەکان**

١. ڕێکخراوی WHO ئامرازێکی نێودەوڵەتی هاوچەرخە و ڕەهەندێکی جیهانی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەلومەرجە تەندروستیە نائاساییەی هەڕەشەیە بۆ سەر دەوڵەتان لەڕێگەی ڕاگەیاندنی دۆخەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بیرۆکەکەش خۆی دەبینێتەوە لە سەرکرایەتی ڕووبەڕووبونەوەی زۆربەی کارەساتە تەندروستییەکانی وەک نەخۆشی و پەتاکان بەکرداری.
٢. ڕێکخراوەکە دەتوانین وەک دەروازەیەک لێی بڕوانین بۆ ناساندنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی لەسەر ئاستی یاسای ناوخۆیی، هەروەک ڕێنمایی تەندروستی جیهانی ساڵی 2005 ئامرازێکی بەهێزی ناساندنی ئەم چەمکەیە.
٣. ڕێکخراوەکە جەختی لە چەمکی فریاکەوتنی تەندروستی نێودەوڵەتی کردۆتەوە بۆ ڕاگەیاندنی دۆخەکە، بەمەرجی داناوە کە دەبێت جێگەی خەم و گرنگیپێدانی نێودەوڵەتی بێت پاڵپشت بەماددە (12)ی ڕێنماییەکان.
٤. ڕێنماییە تەندروستیە نێودەوڵەتیەکانی ساڵی ٢٠٠٥ قاوغێکی یاسایی بوو بۆ ڕێکخراوەکە و ڕەنگ ڕێژی کارەکانی کردووە و ڕێکاری ئامادەباشی نەخشەکێشاوە بەئامانجی وەڵامدانەوەی و گرتنەبەری ڕێوشوێن و کاری هاوبەش لەنێوان وڵاتانی ئەندام و ڕێکخراوەکە.
٥. سروشتی ڕێنماییەکان ڕێکەوتنێکی یاسایی بوو، ئامانج پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسایی بوو بۆ بەرەنگاری نەخۆشییە سنوور برەکان و وەڵامدانەوەی لەماوەیەکی نزیک، ئەمەش بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئامادەباشی وڵاتانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخێک کەئەگەری ڕودانی هەیە.
٦. ڕێکخراوەکە شەش جار پاڵپشت بەدەقی ڕێنماییەکە پەنای بردوە بۆ دۆخی لەناکاوی تەندروستی، بەهۆی یەکلایی بوونەوە بارودۆخەکە کەهۆکارە بۆ خەمی نێودەوڵەتی.
٨. وڵاتانی ئەندام پابەندن بەو پێوەرەی خۆیان ڕازیبوون لەسەر دەقەکانی ڕێنماییەکە، ئەمەش بەمەبەستی پشتگیری ڕێکخراوەکەو جێبەجێکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان و توانای چاودێریکردن و وەڵامدانەوە لەنزیکترین کاتی لەپێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی جیهانی بەزوویی.

**دووەم: پێشنیار و ڕاسپاردەکان**

١. باشترکردنی پێوەر و میکانیزمەکانی ڕاگەیاندنی دۆخی لەناکاوی تەندروستی گشتی و پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ساڵی ٢٠٠٥، لەهەمان کاتدا دەوڵەتانی ئەندام بەپاساوی بێ دەنگیان لەم بارەوە باشتروایە بگەڕێنەوە بۆ ئەم ڕێنماییە کە سروشتێکی یاسایی هەیە بۆ ڕێکخراوەکە و دەوڵەتانی ئەندام.
٢. گرنگە ڕێکخراوەکە بێلایەنی خۆی بپارێزێ و نەکەوێتە ژێر هەژموونی وڵاتانی زلهێز لە ڕێگەی ئاشکراکردنی نەخۆشی وپەتاکان جابەهۆی بەرژەوەندی دارایی یان سیاسیەوە بێت. هەروەك جێبایەخە ڕێکخراوەکە پاڵپشت بەو بنەما یاساییەی لەساڵی ٢٠٠٥ نەخشەڕێژی کردووە خۆی بەدووربگرێ لەملکەچ بوون بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتان و هەمیشە لەسەر خەت بێت لەڕێگەی دەزگا تایبەتمەندەکان پاڵپشت بەبەڵگەی گونجاو لەکاتی خۆی دۆخەکە ڕابگەیەنێت نەک درەنگ وەخت.
٣. وڵاتانی ئەندام دەبێ گەرەنتی دابینکردنی بودجەی جێگیر بۆ ڕێکخراوەکە مسۆگەر بکەن و ڕێکخراوەکە دەبێت کار بکات بۆ زیادکردنی متمانەی خۆی بۆ دڵنیابوون لە دەستەبەری زیادبوونی شەفافیەت لە ڕاپۆرتکردندا، هەروەها باشترکردنی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی وڵاتانی ئەندام و بەرەوپێشبردنی هاوکاری لە نێوان ئەو ڕێکخراوانەی مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجی تەندروستیدا دەکەن.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

٤. پابەندکردنی باقی وڵاتان بە پێشکەشکردنی پشتیوانی دارایی و تەکنیکی بۆ وڵاتانی زیانلێکەوتوو و هەروەها گرنگیدان بە هۆشیاری گشتی و پەخشی بەردەوامی هەڵمەتەکانی هۆشیاری پەیوەست بە تەندروستی گشتی.

٥. دانانی ڕێساگەلێکی نێودەوڵەتی بۆ تەندروستی تێیدا بەرپرسیارێتی هاوبەشی ڕێکخراوەکەو و وڵاتانی ئەندام بۆ پشتگیری دامەزراوە تەندروستییەکانی وڵاتان جێگیربکات لەپرۆسەی ئامادەکاری دژی نەخۆشییە گوازراوەکان بەتایبەت لەوڵاتە هەژارەکان، هەروەها پابەندکردنی وڵاتانی جیهان لەمەڕ نوژەنکردنەوەی دامەزراوە تەندروستییەکانیان لە چوارچێوەی پلانێکی فریاگوزاریدا لەژێر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی ساڵی ٢٠٠٥.

### لیستی سەرچاوەکان

#### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

١. یادگار، طالب رشید، (2011)، بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی، چاپی یەکەم، هەولێر، بەبێ شوێنی بڵاوکردنەوە.

#### دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

#### کتێب

٢. أبو هيف، علي صادق ، (٢٠٠٠)، القانون الدولي العام، دون ط، منشأة المعارف، الإسكندرية.
٣. روسو، شارل، (1987)، القانون الدولى العام، نقل الى العربية شكرالله خليفة، دون ط، بيروت، الاهلية للنشر والتوزيع.
٤. ملندي، ماهر و الحموي، الماجد، (2018)، القانون الدولي العام، دون ط، منشورات الجامعة الافتراضية السورية.
٥. محمد، المجذوب، (٢٠٠٤)، القانون الدولي العام، الطبعة الخامسة، دون ط، بيروت، منشورات الحلبي الحقوقية.

#### توێژینەوەی ماجستیرو دکتۆرا

٦. سعيد، طارق جمعة، (2020)، آليات توطين المعاهدات الدولية في القانون الوطني- دراسة مقارنة بين التشريع الاردني والتشريع العراقي، رساله ماجستير، جامعة الشرق الاوسط، عمان

#### توێژینەوەی زانستی

٧. ابراهيم، عصام إبراهيم خليل، (2020)، الأساس القانوني لإجراءاتِ مكافحة فيروس كورونا كوفيد-19 ومواجهة آثاره، مجلة العربية للدراسات الأمنية، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، العدد 2 المجلد 36.
٨. ابراهيم، وسام نعمت، (2014)، منظمة الصحة العالمية، الوكالات الدولية المتخصصة، الاسكندرية، دار الفكر الجامعي، (researchgate.net).
٩. ابوالنصر، عبدالرحمن، (٢٠٠٨)، الطبيعة القانونية للمعاهدات الدولية واثرها على اتفاقيات الفلسطينية، مجلة جامعة الازهر بغزة، سلسلة العلوم الانسانية، المجلد 10، العدد 2.
10. إسحاق بلقاضي، (2018)، أدوات حماية الامن الصحي الدولي في إطار اللوائح الصحية الدولية، مجلة الدراسات القانونية- مخبر السيادة و العولمة- جامعة المدية/ المجلد 4، العدد 1.
11. بن بغيلة، ليلى، (٢٠٢٠)، الأساس القانوني لحالة الطوارئ الصحية في الجزائر، بحث منشور في مجلة الشريعة والاقتصاد، العدد 17، المجلد 9.
12. رمزي، ضيف الله، (٢٠١٦)، موجبات الحجر الصحي في الفقه الإسلامي والشتري الجزائري، مجلة البحوث والدراسات، العدد 22، السنة 13، الجزائر.
13. رشيد، عدنان عبداللة و حسين، بلند سعدي، (2020)، المعاهدات الدولية واجراءات ادماجها في النظام القانوني الداخلي- دراسة تحليلية في ضوء الدستور العراقي لسنة 2005 والدساتير المقارنة، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، بەرگ ٣، ژمارە ٢.
14. زەنگەنە، اسماعيل نجم الدين، (2020)، التنظيم القانوني لحالة الطواريء الصحية حالة انتشار جائحة كورونا كوفيد 19 (إنموذجا) دراسة تحليلية مقارنة، مجلة العلمية لجامعة جيهان-السليمانية، المجلد 4، العدد1.
15. سمير، قاسمي، (2020)، الوقاية من المخاطر الصحية ذات الانتشار الدولي في ظل اللوائح الصحية الدولية والقانون 11/18، مجلة الدراسات القانونية و السياسية، العدد 20 المجلد 6.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

16. عبد المالك، نادية أيت و مناع، العلجة، (2020)، التكييف القانوني للإجراءات المتخذة في مواجهة جائحة كورونا و أثره على الحقوق الأساسية للأفراد، مجلة حوليات جامعة الجزائر، المجلد 34 العدد خاص، الجزائر.
17. غربي، عزوز، (٢٠٢٠)، إدارة الكوارث والمخاطر الكبرى في الجزائر: على ضوء القانون رقم 04 - 21، مجلة الدراسات والبحوث القانونية، المجلد 4، العدد 2، الجزائر.
18. قويع، حسن، (٢٠٢٠)، حالة الاستثناء ام حالة الطوارئ دراسة مقارنة-المغرب نموذجا، مجلة الدراسات المندمجة في العلوم الاقتصادية والقانونية والتقنية والتواصل، العدد 1.
19. لوكال، مريم، (٢٠٢٠)، مكافحة منظمة الصحة العالمية للطوارئ الصحية العابرة للحدود:فيروس كورونا نموذجا، مجلة العلوم القانونية وة السياسية، العدد 2 المجلد 11.
20. محافظه، عمران و الطعاني، ديالا، (2021)، التزام الدول بتنفيذ القواعد القانونية الدولية المتعلقة بالصحة العامة ودور منظمة الصحة العالمية في مكافحة فيروس كورونا، مجلة كلية القانون الكويتية العالمية - السنة التاسعة - العدد 2، كويت.
21. مجيد، سۆز حميد، (2021)، التأطير الدستوري لسلطة الإدارة في ظل جائحة كورونا- دراسة تحليلية مقارنة، مجلة قەڵای زانست العلمية، العدد 2 المجلد 6 .
22. مصطفى، إنجي أحمد عبد الغني، (2021)، أثر السياسات الدولية على إدارة منظمة الصحة العالمية لأزمة كورونا، مجلة العلمية لكلية الدراسات الاقتصادية والعلوم السياسية، ، العدد 12 المجلد 6، سعودية.

**سێ یەم: سەرچاوەی ئینگلیزی**

23. Agreements with intergovernmental organizations, (2012), Agreement between the commission of the African union and the World health organization, sixty-fifth world health assembly, agenda item 19.2, A65/42 .
24. Advancing the right to health: The vital role of law, World Health Organization (2017),
25. Basic Documents World Health Organization, (2020), Forty-ninth edition
International Health Regulations (2005), Third Edition, World health organization 2016.

26. IHR core capacity monitoring framework : Checklist and Indicators for Monitoring Progress in the Development of IHR Core Capacities in States Parties, 2011, international health regulation2005, World Health Organization

27. Security Council (2014), Resolution No. 2177 Concerning the Ebola Spread in African.

Countries, UN Docs No. 2177/RES/S.
28. World Health Organization (2017), Emergency response framework, second edition, Geneve.

**چوارەم: سەرچاوە فەڕەنسییەکان**

29. Maryline ,Grange ,(2014), Ebola : le droit international au soutien de la lutte contre une épidémie transfrontière , In: Annuaire Français De Droit International, Volume 60, France,
30. Michèle , Poulain, (2005), Les nouveaux instruments du droit international de la santé : Aspects de droit des traités, In: Annuaire Français De Droit International, Volume 51, France.
31. Masseguin , Léa, (2019), En RDC, la difficile lutte contre le virus Ebola, Site Internet (www.liberation.fr)

**پێنجەم: دەستور و یاساکان**

32. دستور جمهوريه العراق لسنة 2005.
33. قانون معاهدات العراقي رقم 35 لسنة 2015.
34. قانون الصحة العامة رقم 89 لسنة 1981.
35. اتفاقية فينا لقانون المعاهدات لسنة 1969.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

36. النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية
37. العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية لسنة 1966، اعتمد وعرض للتوقيع والتصديق والانضمام بموجب قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة 2200، مكتب حقوق الانسان.
38. اللوائح الصحية الدولية 2005، منظمة صحة العالمية، مقدمة موجزة للتنفيذ في إطار التشريعات الوطنية، وحدة تنسيق اللوائح الصحية الدولية، كانون الثاني- يناير 2009 .

**شەشەم: بڵاوكراوەكان و گۆڤارەكانی ڕێكخراوی WHO**

39. منظمة الصحة العالمية، جمعية الصحة العالمية، (2015)، تنفيذ اللوائح الصحية الدولية 2005، الاستجابة لطوارئ الصحة العمومية، تقرير من المديرة العامة، A/68/22.
40. منظمة الصحة العالمية، جمعية الصحة العالمية الرابعة السبعون، (2021)، البند 17-3 من جدول الاعمال المؤقت ج9/74، عمل المنظمة في مجال الطوارئ الصحية، تعزيز التأهب للطوارئ الصحية: تنفيذ اللوائح الصحية الدولية ٢٠٠٥.
41. منظمة الصحة العالمية، مكتب عمل الدولي، (2019)، السلامة والصحة المهنيتان في حالات الطوارئ الصحية العمومية- دليل لحماية العاملين الصحيين والمستجيبين، جنيف.
42. منظمة الصحة العالمية الطوارئ الصحية، (2017)، استجابة المنظمة في الطوارئ الوخيمة الواسعة النطاق تقرير من المديرة العامة، جمعية الصحة العالمية السبعون البند 12-1 من جدول الاعمال المؤقت، 2017/ج70/9.
43. منظمة الطيران المدني الدولي النشرة الالكترونية، (2014)،مرض فيروس الإيبولا - منظمة الصحة العالمية تعلن عن وجود حالة طارئة من طوارئ الصحة العمومية التي تثير قلقا دوليا بموجب اللوائح الصحية الدولية 2014/8/14.
44. صندوق النقد الدولي، إدارة شئون المالية العامة، (2020)، معالجة آثار فيروس كورونا: إرشادات حول سياسات الإنفاق على الصحة، سلسلة خاصة عن السياسات المالية اللازمة للاستجابة لجائحة كوفيد19 .
45. منظمة الصحة العالمية، جمعية الصحة العالمية 58-3 من جدول الاعمال (2005)، تنقيح اللوائح الصحية الدولية.
46. منظمة الصحة العالمية، اللوائح الصحية الدولية 2005، (2009)، مقدمة موجزة للتنفيذ في اطار التشريعات الوطنية، WHO/HSE/IHR/2009.2.

**حەوتەم: سەرچاوەی ئەلیكترۆنی**

47. الصفتي، فاتن فايز و محمد، فردوس، (2020)، الشخصية القانونية الدولية لمنظمة الأمن والتعاون الأوربيOSCE ، الموقع (المركز العربي للدراسات والبحوث)
48. أوبالاك، محمد، (2020)، مسؤولية منظمة الصحة العالمية في ظل فيروس كوفيد-19، الموقع (المركز الديمقراطى العربى للدراسات الاستراتيجية، الاقتصادية والسياسية).
49. السموني، خالد الشرقاوي، (٢٠٢٠)، التأصيل الدستوري والقانوني لحالة الطوارىء الصحية، الموقع الالكتروني: https://ladepeche24.com/%D9%85%D9%82%D8%A7%، تاريخ اخر زيارة 2022/2/25.
50. عبدالخالق، دينا ، (٢٠٢٠)، يجبر الدول بالإعلان عن الأمراض.. أبرز بنود قانون الصحة العالمية 2005، الموقع الالكترونى، الوطن،https://www.elwatannews.com/news/details4619096، تاريخ اخر زيارة 2022/2/27
51. منظمة الصحة العالمية،٢٠١٩، ما هي اللوائح الصحية الدولية ولجان الطوارئ؟تاريخ اخر زيارة 2022/5/1
https://www.who.int/ar/news-room/questions-and-answers/item/what-are-the-international-health-regulations-and-emergency-committees.
52. منظمة الصحة العالمية،2019 تاريخ اخر زياره ٢٠٢٢/2/15
https://www.who.int/news-room/questions-and-answers/item/who-s-role-in-emergencies
53. منظمة الصحة العالمية، 2020 https://www.who.int/ar/home/search?indexCatalogue تاريخ اخر زيارة 2022/4/2.
54. المكتب الاقليمي لشرق الاوسط (WHO) 2013، تاريخ اخر زياره ٢٠٢٢/٥/١٦.
https://www.emro.who.int/search/ar/index.htm?q=قلقا+دوليا
55. موقع المكتب الاقليمي لشرق الاوسط (WHO)،2014، تاريخ اخر زياره ٢٠٢٢/3/29.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد(2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

http://www.emro.who.int/ar/polio/polio-news/ihr-statement-2html
56. موقع المكتب الاقليمي لشرق الاوسط (WHO)، تاريخ اخر زياره ٢٠٢٢/3/20.
http://www.emro.who.int/ar/eha/who-in-emergencies/index.html
57. المكتب الاقليمي لشرق الاوسط WHO (2022)، تاريخ اخر زياره ٢٠٢٢/3/7.
http://www.emro.who.int/ar/international-health-regulations/about/ihr-core-capacities.html
58. منظمة الصحة العاملية، 2019، تاريخ اخر زياره ٢٠٢٢/3/3.
http://www.who.int/ar/ emergencies/ diseases/ novel- coronavirus-2019/ advice-for- public/qa-coronaviruses
59. منظمة الصحة العالمية، 2013، تقرير شامل عن الحادث النووي في فوكوشيما يبيّن تفاصيل عن المخاطر الصحية، تاريخ اخر زياره ٢٠٢٢/٥/١٦،
https://www.who.int/ar/news/item/1434-04-18-global-report-on-fukushima-nuclear-accident-details-health-risks
60. منظمة الصحة العاملية 2020، التسلل الزمني لاستجابة who لجائحة كوفيد 19،تاريخ اخر زياره ٢٠٢٢/٤/١٢، https://www.who.int/ar/ /news-room/detail/29-06-2020-covidtimeline (18) ibid
61. الموقع الامم المتحدة، https://www.un.org/ar/library/unms


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)